# مێژووی شیعەگەری لە کوردستاندا

د. کەیومەرس عەزیمی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پوختەی باسەکە

بۆ لێکدانەوەی بەستێنەکانی بڵاوبوونەوەی ئایین، یان مەزهەبێکی تایبەت لە ناوچەیەکدا، ناکرێت تەنیا لەسەر هۆکارێکی تایبەت، جەخت بکرێت، بەڵکو ئەم بابەتە بەرهەمی هۆکاری جۆراوجۆرە؛ چونکە هۆکاری جۆراوجۆری ناوچەیی و مرۆیی وەک کۆچکردنی تاکەکەسی و گرووپ، تایبەتمەندیی هەرێمی نیشتەجێبوونی کەسەکان، ڕۆڵی سیستمی حوکم و دەسەڵاتداران و گۆڕاوی لەم چەشنە، دەتوانرێت لە بڵاوبوونەوەی ئایینێک یان مەزهەبێکی تایبەت لە ناوچەیەکدا کاریگەر بێت. کەواتە لێکدانەوەی ئەم بابەتە؛ واتە دەستنیشانکردنی بەستێنەکانی بڵاوبوونەوەی ئایین یان مەزهەبێک لە ناوچەیەکی تایبەتدا، دەبێت لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لێکبدرێتەوە. لە نێوان ئەو هۆکارانەدا، ڕۆڵی سیستمی حوکم و دەسەڵاتدارەکان لە پشتیوانی و بڵاوبوونەوەی ئایینێکی تایبەتدا لەنێوان جەماوەری ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوتر و کاریگەرتر لە هۆکارەکانی دی دەبینێت و لەهەمبەر ئەم ڕۆڵەدا، هۆکارە ناوچەیی و مرۆییەکان لەم هێز و توانایيمەندییە بێبەشن. بەم حاڵەیشەوە گرێدانی بابەتەکە تەنیا بە هۆکارێک، ڕواڵەتێکی زانستییانە بەخۆیەوە ناگرێت؛ چونکە ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی- مێژووییە لە بەستێنێکدا، لەژێر کاریگەریی هۆکاری جۆراوجۆرەوە *پێکلرێت و پێویستە بابەتەکە لە ڕوانگەیەکی هەندەسی و پێواندن و لە* ڕەهەندی جیاجیادا تاوتوێ بکرێت، تا لە لێکدانەوەی بەستێنەکانی پێکهاتنی بابەتی سەرەکیدا، توشی هەڵە نەبین و بە ئاکامی باش و دروست بگەین.

کوردستان بە هۆی نەرمی و لێبوردەیی گەلی کورد، لەهەمبەر فرەچەشنی و فرەئایینییدا، شوێنێکی هێمن و متمانەدار بۆ برەوپێدانی باوەڕ و ئایینە جیاجیاکان بووە و هەیە. ئەم تایبەتمەندییە تایبەتییەی نەتەوەی کوردە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە دراوسێکانی جیا بکرێتەوە؛ چونکە لە نێو کورداندا هۆکار و بنەڕەتی هەڵسوکەوتی خەڵک و تایفە و هۆزە جیاجیاکان لەگەڵ یەکتردا، پێش ئەوەی کە لەسەر بناغەی پێڕەوی لە ئایین یان مەزهەبێکی تایبەت بێت، لەسەر گۆڕاوی زمان و "کوردبوون" داڕێژراوە. هەبوونی شوێنکەوتوانی ئایین و ڕێبازی جۆراوجۆری وەک شافیعی، ئاشووریی (مەسیحی)، یەهوودیی، ئێزدیی، شیعەی دوانزە ئیماميی (ئیثنا عەشەریی)، یارسان (ئەهلی حەق)، سارێلیی، بێجووران، شەبەک، عەلەوی، کاکەیی، بەهایی، سەلەفیی، وەهابی و هەروەها شوێنکەوتوانی ڕێبازی نەقشبەندیی، قادریی، نیعمەتوڵایی، جەلالیی (خاکەساریی) و بەکتاشیی لە خاکی کوردستاندا، بۆ لێبوردەیی ئەم نەتەوەیە دەگەڕێتەوە. لەم بەینەدا، بڵاوبوونەوەی باوەڕەکانی شیعەگەریی و لقوپۆپە پێوەندیدارەکان بە شیعەوە لەناو کورداندا لە هەموان سەرنجڕاکێشتر و پێچەڵپێچترە و ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، لێکدانەوەی بەستێنەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم مەزهەبەیە لە نێو کورداندا.

# بەرایی

یەکێک لە ئەرکەکانی مێژووناس ئەوەیە کە بەسانایی پێشان بدات ڕاستییەکان چۆن بوون و چۆن ڕوویان داوە؛ واتە بەشە تاریکەکان لە مێژووی مرۆڤ هەڵدەبژێرێت و هەوڵدەدات لایەنە ئاشکرا و نهێنییەکانی شیبکاتەوە. نهێنییەکان و تارماییەکان لە مێژووی نەتەوەکاندا نەکراوە و بێ چارەسەر نین، بەڵکو دەتوانرێت بەئاسانی نیشانبدرێن، چۆنیەتی و هۆکاری ئەم ڕووداوانە، پێویستی بە وردبینی و شیتەڵکاریی دروست هەیە. ساناوتنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان بە وردبینی و دروستیی، دەبێتە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە و بەدەستهێنانی ژیانێکی ئاشتیخوازنە.

لێکدانەوەی بەستێنەکانی هاتن و باوبوونی مەزهەب، یان ئایینێکی تایبەت لە دەڤەرێکی جوگرافیی تایبەت و لە نێوان نەتەوەیەکدا، ناتوانرێت بە پێداچوونەوە و توێژینەوەیەکی تەنیا مێژوویی، لێکبدرێتەوە و بە بەرەنجامێکی باش بگات؛ چونکە بە هۆی شۆناسی چەندلایەنەوە پێواندنی ئاوەها بابەتێک، پێویستیی بە توێژینەوەیەکی فرەڕەهەندی زانستیی هەیە تا بتوانرێت ڕەوتی پێکهاتنی بەستێنەکانی پێویست بۆ بڵاوبوونەوەی مەزهەب یان ئایینێکی تایبەت لە دەڤەرێکی جوگرافیی پانوبەرینی وەک کوردستاندا لێکبدرێتەوە و لایەنە دیار و نادیارەکانی ڕوون ببێتەوە. کوردستان بە هۆی جۆراوجۆربوون و زۆربوونی ئایین و ڕێبازە ئایینییەکان، یەکێک لە دەڤەرە دژوارەکان لە بواری ڕەچاوکردنی ڕەوتی ئایینی لەم ناوچەیەدایە و نەبوون و لاوازیی خوێندنەوەی زانستییانە لەمەڕ ئەم بابەتە، دژوارییەکەی زۆرترکردووە. زۆربەی توێژینەوەکان و خوێندنەوەکان لەمەڕ ئایینەکان لە نێو کورداندا، لە لایەن پسپۆڕان و توێژەرە ڕۆژئاواییەکانەوە ئەنجامدراوە کە ڕوانگەیەکی دەرەکییان هەبووە، بۆیە نووسراوەکانیان لە پێشاندانی بیرۆکەکان، بێ هەڵە نەبووە و لە لێکدانەوەی هەندێک لە دەقەکاندا بە هەڵەدا چوون. دابەشبوونی کوردستان لە نێوان پێنج وڵاتدا: تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا و ئەرمەنستان و پرژوبڵاوبوونی ناوەندە کولتوورییەکانی کوردەکان لە نێوان ئەم وڵاتانەدا، لێکدانەوە و توێژینەوەی لەمەڕ مێژوو، کولتوور و شارستانییەتی کوردەکانی ئەستەم و دژوارتر کردووە؛ چونکە توێژەرێک بیەوێت لەم بوارەدا پێداچوونەوەی هەبێت، دەبێت بە زمانی کوردی و هەردوو شێوازی ڕێنووسی لاتین و عەرەبیی و زمانەکانی فارسی، تورکی، ئەرمەنی و ئینگلیزیی ئاشنایی هەبێت تاکو بە هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوانەی کە بەربڵاو بەم زمانانە ئەنجامدراوە، بتوانێت لێکدانەوە و توێژینەوەکەی خۆی پێش بەرێت و بە بەرەنجامی باش بگات.

# بەشی یەکەم
# چێوەی گشتیی باسی توێژینەوەکە

## پێشینەی توێژینەوەکە

هەتا ئێستا لەمەڕ باوەڕ و ئایینە باوەکان لە کوردستاندا بەرهەمێکی بەربڵاو و گشتگر نەنووسراوە و باسی ئەم بابەتە تەنیا بە نووسینی کتێب و وتاری کورت لەمەڕ ڕێباز یان دەستە و تاقم و مەزهەبێکی تایبەت بەرتەسک کراوە. لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەمەڕ ئەم بابەتە، بە هۆی بەربڵاویی ناوچە کوردنشینەکان لە پێنج وڵاتی ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا و ئەرمەنستان، زۆربوونی ئایین و مەزهەبەکان لە نێوانیاندا لە لایەکەوە و کەمی و نوقسانیی توێژینەوە و سەرچاوەی بەڵگەمەند لە لایەکی دیکەوە، کار و لێکۆڵینەوەی دژوار و ئەستەم کردووە. لێکۆڵەرێک کە بیهەوێت لەم بوارەدا بکۆڵێتەوە، دەبێت لە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی، ئەرمەنی و ئینگلیزی شارەزا بێت، تا بتوانێت لەنێو کتێب، نووسراو و بەڵگەکان بەم زمانانەدا، لەمەڕ مێژووی کورد و کوردستان و دابونەریتیان، ئەو بابەت و دەقانەی کە پێویستیەتی، دەربکێشێت و پۆلێنبەندییان بکات و بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە و شیکاریی و پێداچوونەوە، توێژینەوەکەی خۆی بەرەوپێش ببات. لەم نێوانەدا، مێژووی هاتنی شیعەگەریی بۆ ناو کوردستان و چۆنایەتیی ڕووتێکردن و هۆگرێتیی هەندێک لە تایفەکانی کورد بۆ وەرگرتنی ئەم مەزهەبە، بابەتێکی تازە و نوێیە کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر نەکراوەو نووسینی ئەم بەرهەمە لەم ڕوانگەیەوە بێوێنە و تایبەتە. بۆ تاوتوێکردنی لایەنەکانی ئەم بابەتە، واپێویست بوو کە سەردانی سەرچاوەی زۆر لە بەڵگە و کتێب و نووسراوەکان لەمەڕ کورد و کوردستان بکەین.

## پێداچوونەوە و ڕەخنە لە سەرچاوەکانی توێژینەوەکە

ئەگەرچی لەژێر ئەم سەردێڕە و لە چوارچێوەی بابەتی ئەم تێزەدا، کتێب یان وتارێکی سەربەخۆ نەنووسراوە، یان لە ماوەی پێداچوونەوەکەی من دەست نەکەوتووە، بەڵام بە بەسەرکردنەوەی بەڵگەکان، کتێبەکان و وتارە بڵاوبووەکان بە زمانە جیاجیاکان لەمەڕ مێژوو، دابونەریتی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینی لە کوردستاندا، دەکرێت دەقی پێویست بۆ شیکاریی بابەتەکە کۆبکرێتەوە. نەنووسینی کتێب یان توێژینەوەی سەربەخۆ لەمەڕ ئەم بابەتە دەبێت وەک کەمی و نوقسانیی توێژینەوەی زانستی لەمەڕ کورد و کوردستان ببینرێت؛ چونکە بە هۆی پرژوبڵاوبوونی

ناوچەکانی کوردستان لەنێوان پێنج وڵات، لێکۆڵەرێک کە لەم دەڤەرەدا دەیەوێت توێژینەوە ئەنجام بدات، دەبێت بەسەر زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ئەرمەنی و ئینگلیزیدا زاڵ بێت، تاکو بتوانێت لەو سەرچاوە و توێژینەوانە، لێکۆڵینەوەکەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. ئەم مەسەلەیە، کارەکەی بۆ توێژەران ئەستەم کردووە و ئەم هۆکارەش بووەتە هۆی کەمیی پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەکان لەم بەستێنەدا.

ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیە کەڵکیان لێوەرگیراوە، لە سەرچاوە سەرەکییەکان و هەروەها توێژینەوە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆیی و دەرەکی، وەکو سەرچاوە ناسەرەکییەکان دەگرێتە خۆ. گرنگیی ئەم سەرچاوانە پێوەندیی بە بەسترانەوەی سەرچاوەکان بە بابەتەکەوە هەیە. بەم شێوازە هەندێک جار سەرچاوەیەک بە هۆی ئاوڕدانەوە لە بابەتی کتێبەکە و پێوەندیی لەگەڵ بەشێکی کتێبەکە وەکو سەرچاوەی سەرەکیی بۆ هەمان بەش لە کتێبەکە دەژمێردرێت و لەوانەیە بۆ بەشەکانی دی، لە گرنگیی و ئاوڕدانەوەی کەم ببێتەوە. هەر بۆیە پۆلێنکردنی سەرچاوەکان بە سەرەکیی و ناسەرەکیی، بە بابەتەکان و جۆری پێوەندییان بە بابەتی کتێبەکەوە بەندە. لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیەدا یارمەتیدەرم بوون و لە پێشەوەچوونی کارەکەم، کاریگەرییان هەبووە، دەتوانم لەمانەی خوارەوە بدوێم:

## پێناسەی دەستەواژەو چەمکەکان

### شیعە[1]

"شیعە" واتە لایەنگر و پێڕەوکار، هەروەها بە مانای گرووپێک لە خەڵکە کە بۆ مەبەستێک و بیرۆکەیەک کۆبوونەتەوە، ئەگەرچی بنەڕەتی واتای وشەکە، هەمان گرووپ یان دەستەیە[2]. لە زمانی عەرەبیدا بە هەردوو ماناکە بەکار هێنراوە؛ ئیبن مەنزوور (ابن منظور) دەڵێت: "شیعە بە مانای گرووپێکە کە لەسەر بابەتێک کۆبوونەتەوە و هەر تایفەیەک کە لەسەر شتێک کۆببنەوە، شیعەن و هەر تایفەیەک کە بۆ مەبەستێک و کارێک کۆ ببنەوە و لایەنگریی لە بیروڕای یەکتر بکەن، شیعەیان پێ دەوترێت"[3]. ئەم وشەیە لە فەرهەنگی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا، بۆ کەسانێک بەکار دێ کە خوازیار خۆشەویستیی عەلی و بنەماڵەکەی، یان شوێنکەوتەیان بن[4].

ئەم واتایەی شیعە وەک چەمکێک، لە سەرچاوەکانی دەستە و تاقم ناسیی ئیسلامییدا وەک بنەمایەک، جێگیر بووە، بۆ وێنە، ئەشعەری دەڵێت: "شیعە، لەو ڕووەوە شیعەی پێ دەڵێن کە هاوڕێ و هاریکاری عەلی بوون و ئەم لای ئەوان، بەسەر ئەسحابەکانی دیکەی پێغەمبەردا (د.خ)، پێشەنگ بووە .شارستانی، ئەم مانایەی پەرەپێداوە و دەڵێت: "شیعە کەسانێکن کە بە

هەواڵنامەی کتێب

شێوازی تایبەت، شوێنکەوتووی عەلین و بڕوایان بە ئیمامەت و جێنشینیی عەلییە ...

نەتەوەی کورد لە کۆنترین گەلانی دانیشتووی بوڕگە (فەلات)ی ئێرانە و مێژووی نیشتەجێبوونیان لە کوردستاندا، پێشینەیەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە. بەڵگە مێژووییەکان و توێژینەوەکانی شوێنەوارناسی، پێشینەی مێژوویی و نیشتەجێکراوی کوردستانی لە هەزاران ساڵ پێشەوە سەلماندووە، بە جۆرێک کە هێنری فیڵدی ئەمریکی دەڵێت: "مرۆڤەکان لە سەردەمی پالیۆلێتیکدا،[٧] لە دۆڵەکانی باشووری ئێرانی پێشوو، بەرەو باکووری ڕۆژئاوا کۆچیان کردووە و لە تەنگەڵانی سلێمانی[٨] و ڕواندزدا[٩]، هاتوونەتە خاکی کوردستان".[١٠] بڕوا لەسەر ئەوەیە کە کوردەکان لە نەژادی ئارییایین[١١] و نزیک بە (٢٥٠٠پ ز) لە دەشتەکانی ڕووسیاوە هاتوونەتە ئەم وڵاتە[١٢]. ئەو گەلانەی کە کۆچیان کردووە و لە پانتایی جوگرافیای کوردستان نیشتەجێ بوون، بە گەلانی «زنجیرەچیای زاگرۆس» ناسراون[١٣]. لەم نێوەدا، ئەو گرووپانەی کە لە چیاکانی زاگرۆس لە ڕووباری دیالە هەتا گۆلی ورمێ نیشتەجێ بوون، پێیان دەڵێن "گۆتییەکان"[١٤]، بە دانیشتوانی ئازەربایجان "لولوییەکان"[١٥]، و ئەوانەی کە لە چیاکانی ناوەندی لوڕستان نیشتەجێ بوون، "کاسییەکان"[١٦]، و دانیشتوانی باکووری ماد بە "ماننائاکان"[١٧] و ئەو گرووپەی کە لە ڕۆژئاوای بابل نیشتەجێ بوون بە "هورییەکان"[١٨] ناوبانگیان دەرکردووە[١٩]. بە ئاوڕدانەوەیەک لەسەر وشە و چەمکەکان لە پێناسەی ئەم گەلانە، دەتوانرێت ئاوەها تاوتوێ بکرێت کە گرووپێک لەم کۆچبەرانە کە ئاریایی بوون، پێش کۆچڕەویی بەرینی ئارییاییەکان، بۆ ناوچەکانی کوردستان هاتوون[٢٠]؛ چونکە بەپێی کۆمەڵێک بیرۆکە لەمەڕ مێژووی کۆچکردنی ئارییاییەکان گوتراوە، مێژووەکەی بۆ (٢٠٠٠ساڵ پ.ز) دەگەڕێتەوە. زۆربەی ئەو مێژووناسانە لە پێوەندیی چۆنایەتیی کۆچی ئارییاییەکان، لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم کۆچە لە چەند قۆناغدا تا سەدەی هەشتەمی پێش مەسیح، بە شێوازێکی بەردەوام ڕوویداوە[٢١]. بەر لەبەرچاوگرتنی کۆچی ئارییاییەکان، کە هاوکات نەبووە و لە چەند قۆناغ بە مەودای کاتیی سەدەکان ڕووی داوە، کەواتە قەومە سەرەتاییەکانی زنجیرەی زاگرۆسیش لەو قەومە ئارییاییانە بوون کە زۆر پێشتر لە کۆچڕەویی بنەڕەتی ئارییاییەکان بۆ کوردستان هاتوون و لەم وڵاتەدا نیشتەجێ بوون.

قەومەکانی زنجیرەی زاگرۆس کە لە پانتایی جوگرافیای کوردستان بە ناوەکانی لولوی، کاسی، گووتی، میتانی و هتد ناسراون،[٢٢] بەرەبەرە لەژێر ناو و دەسەڵاتی گووتییەکان سەقامگیر بوون و ناوی "گووتی" لە ناوی قەومێکی تایبەت، وەکو کونفێدراسیۆنێک لە خێڵ و هۆزەکانی دانیشتووی ناوچەکانی کوردستان گشتگیر بوو. گووتییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتداریی نارامسین،[٢٣] پاشای ئەکد، تەواوی میزۆپۆتامیایان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان[٢٤] و نزیکی دوو سەدە دەسەڵاتدارێتییان بەدەستەوە بوو[٢٥]. گووتییەکان کە خۆیان لە کۆمەڵێک هۆز و تایفەی

جۆراوجۆر بوون، دواتر بە ناوی "مادەکان" ناسران[٢٦]. کەواتە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە کوردەکانی ئیمرۆیی، بەجیماوانی مادەکانن و مادەکانیش هەمان گووتییەکان و قەومەکانی دانیشتووی پانتایی جوگرافیای کوردستانن، کە هەموویان لەژێر چەتری دەوڵەتی کۆنی کوردەکان بە ناوی "دەوڵەتی ماد" کۆبوونەتەوە[٢٧].

## سەرهەڵدانی وشەی "کورد" لە سەرچاوە مێژووییەکان

هەروەها لەسەر سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان کە پێداچوونەوەمان کردووە، لە جێگەی وشەی "کورد"، بۆ ناوبردنی دانیشتوانی کوردستان لە وشەی زۆر کەڵک وەرگیراوە کە هەموویان لە ڕووی چوارچێوەی زمانییەوە لەگەڵ وشەی "کورد" نزیکایەتیی زۆریان هەبووە. بەڵام بە سەرهەڵدانی ئیسلام، لە سەرچاوەکانی ئیسلامییەوە هەر لە سەرەتاوە لە وشەی «کورد» بۆ دانیشتوانی کوردستان کەڵکیان وەرگرتووە و ئەو وشەیە، گشتگیربووە. تەبەری و ئیبن ئەسیر (طبری و ابن - اثیر)، لە کتێبە مێژووییەکەی خۆیاندا، لە گێڕانەوەکانی سەردەمی "ئەردەوان"[٢٨] کە دوایین پاشای ئەشکانی بوو، دەنووسن پاشای ئەشکانی، ئەردەشیری ساسانی بە "کوردبەچە" و "گەورەبووی چادری کوردان" باسکراوە کە ئامانجی لەناوبردنی دەسەڵاتداریتیی ئەوێ بووە[٢٩].

لە کتێبی "بەسەرهاتنامەکەی ئەردەشیر"[٣٠] کە نووسراوی سەردەمی ساسانییەکانە، لە چەند جێگەدا، ناوی "کورد" وەکو گەل و نەژادێکی سەربەخۆ هێنراوە[٣١]. کەواتە لەکۆتایی سەردەمەکانی ئەشکانی و ساسانییەکاندا، کەڵکوەرگرتن لە وشەی کورد بۆ دانیشتوانی زنجیرە چیای زاگرۆس لە جێگەی وشەکانی دی، گشتگیر و باو بووە. دیارە دەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگیردرێت کە بەکارهێنانی وشەی کورد لەم دوو بەڵگەیەدا، لەوانەیە بە هۆی ئەوەوە بێت کە ڕووداوەکان لە لایەن مێژوونووسانی ئیسلامییەوە تۆمارکراوە و کتێبی "بەسەرهاتنامەی ئەردەشیر" یش بە زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوەتەوە و کتێبە بنەڕەتییەکە لە بەردەستدا نیە. کەواتە وەرگێڕی ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبی لە جێگەی وشە و دەستەواژەی پەهلەوی کە هەڵگری ناوی کۆنی گەلی کورد بووە، لە وشەی کورد کەڵکی وەرگرتووە؛ چونکە ئەمە لە سەردەمی ئیسلامیدا بووە کە کەڵکوەرگرتن لەم وشەیە لە جێگەی وشەی سەردەمی کۆن لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بوو بە باو.

هەروەها وەک باسکرا، باوبوونی وشەی "کورد" لە سەرچاوە مێژووییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی ئیسلامی و پێش ئەم سەردەمە، لە نووسراوەکان و ساڵنامەکانی ئاشووری، ئارامی، یۆنانی، سومەری، ئەرمەنی و هتد وشەی وەک کاردا، کاردۆک، کورتی، کاردۆخ و هتد... بەکار براوە کە سەرەڕای لێکچوونەکان لەگەڵ وشەی کورد کە نکۆڵییان لێناکرێت، تەواوی ئەم چەمکانە ئاماژە بە گەل یان بە واتایەکی دروستتر، بە ناوی دانیشتوانی ناوچەکانی قەراخ گۆلی وان دەکەن کە بە

توخمی بنەڕەتی و سەرەتایی ناوچەکانی کوردستان دەژمێردرێن. کەواتە دەتوانرێت ئاوەها بوترێت کە ئەم وشانە بە هۆی لێکچوونیان و نزیکییان بەیەکەوە و هەروەها لە ڕووی جوگرافییەوە کە لە دەوروبەری ناوچەیەکی تایبەت و ڕووندا خڕ بوونەتەوە، بە شێوازێکی گۆڕدراو بەپێی چوارچێوەی زمانی دراوسێکان، گۆڕدراوە و گۆکراوە کە وشەی پوختە و ئەمڕۆیی "کورد"ە. وشەی کورد بە شێوازی دیاریکراو و ڕوون لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلام و لە سەرچاوە ئیسلامییەکان بۆ دانیشتوانی کوردستان بوو بە باو و بەکاربردنی ئەو وشانەی کە لە سەرچاوەکۆنەکاندا ئاماژەیان پێکرا، پووچەڵ بوونەوە.

## لێکدانەوەی بنەڕەتی "کورد" لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا

لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا باسی سەرچاوە و بنەڕەتی کورد وەک گەلێکی مێژوویی، زۆرتر لەسەر بنەمای باسی بێمانا و پڕوپووچ و دوور لە واقیع بووە کە دوور لە باسی زانستی و زۆر جار جیاواز و دژەیەکبوون. مەسەلەی بنەڕەتی نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە لایەن نووسەرانی ئیسلامییەوە گرنگ بوو و ئەم نووسەرانە زۆرتر هەوڵیان دەدا کە ڕەچەڵەکی کورد وەکو عەرەب بناسێنن. دوکتۆر ڕەشید یاسەمی لەمەڕ سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەوە دەنووسێت: "بە هۆی زاڵبوون و سەرکەوتنەکان کە عەرەب بەدەستیان هێنابوون، زۆربەی تایفەکان دەیانویست بە جۆرێک خۆیان بە گەلی سەرکەوتوودا هەڵواسن، تا لە زوڵم و زۆری ڕۆژگار ڕزگاریان بێت. کوردەکانیش هەندێکیان ئەم ڕێگەیان گرتەبەر و ڕەچەڵەکنامەیەکی ساختەیان بۆ خۆیان دروست کرد"[٣٢]. هەندێکی دیکەش بڕوایان وایە کە دراوسێبوونی عەرەب و کورد لە ناوچەی جەزیرە و ڕکابەرییان لە سەر لەوەڕگە و باسەڕەکان کە هاوبەش بوون، بوو بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی خوێناوی لەنێوان کوردەکان و عەرەبەکان لە ناوچەی دیاری ڕەبیعە، دیاربەکر و دیار موزێڕ (مضر)دا. هەر بۆیە بۆ کۆتاییهێنانی شەڕ و خوێنڕشتن، لەسەر عەرەببوونی ڕەچەڵەکی کورد گێڕانەوەیان هێناوەتە گۆڕ[٣٣]. دیارە هۆکاری مەزهەبییش وەکو چالاکی و هەوڵەکانی شێخ و زانایانی شەرعی و هەندێک لە سەرۆکەکانی کورد و دەسەڵاتدارانی کورد و خەڵکانێکی دی بۆ گرێدانی نەتەوەی کورد بە تایفەکان و کەسایەتییەکانی عەرەب، بوو بە هۆی پڕهێزبوونی ئەم بیرۆکە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن درێژەی هەبوو. لەم نێوانەدا، بە هۆی هەوڵەکان و چالاکیی شێخەکانی تەریقەت و گەورەکانی ئایین بۆ خۆگرێدانی بنەماڵە و بنەچەی خۆیان بە بنەماڵەی پەیامبەری ئیسلام و ئیمامەکان و هەندێک لە ئەسحابەکانەوە، زۆرتر ئەم بیرۆکە پەرەی سەند.....

## گێڕانەوە پێوەندیدارەکان لەمەڕ شەیتانیبوونی ڕەچەڵەکی کوردەکان

گرووپێکی دیکە لە نووسەران یان لە ڕووی نەزانینەوە یان لە ڕووی دوژمنایەتییەوە، ڕەچەڵەکی کوردەکانیان بە جنۆکە و دێوەکان و شەیتانەکانەوە گرێداوە و لە گێڕانەوەکانی خۆیاندا لە کتێبەکانیاندا، لە پێوەندیدا بەم بۆچوونانەوە هەندێ باسیان تۆمار کردووە. ئەم تاقمە لە نووسەران، گێڕانەوەکانی خۆیان بە چیرۆکی سەیروسەمەرە ڕازاندووەتەوە و بە متمانەوە دەڵێن کە هەرچییەکیان بیستووە، ئەمان تۆماریان کردووە و ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. مەسعوودی لە یەکێک لە نووسینەکانی خۆیدا، ڕەچەڵەک و بنەچەی کورد بە گرووپێکەوە گرێدەداتەوە کە لە تێکەڵاوبوونی شەیتانێک لەگەڵ هەندێک لە کۆیلە کافرەکانی *سلێمان*، لەدایکدەبن و کاتێک حەزرەتی سلێمان دەسەڵات دەگرێتەوەدەست، ئەم گرووپە بەرەو چیاکان و بنارەکان دوور دەخاتەوە. ئەم گرووپە لە نێوان خۆیان هاوسەرگیریی دەکەن و لە منداڵانی ئەوان گەلی کورد دروستدەبن[٣٤]. دوکتور ڕەشید یاسەمییش، لە بەشێک لە کتێبەکەی خۆیدا، گێڕانەوەیەکی لەم چەشنەی لە بەڵگەی جۆراوجۆری مێژووییەوە هێناوەتەوە کە ڕەچەڵەک و بنەچەی کوردەکان بە جنۆکەوە گرێدەداتەوە[٣٥].

لە ڕاستیدا لەسەر ساختەبوون و بێبنەمابوونی ئەم گێڕانەوە و ڕاپۆرتانە، پێویست ناکات هۆکار و بەڵگە بهێنینەوە و درۆبوون و بێبنەمابوونیان لە خۆیاندا ئاشکرا و ڕوونە. گرێدانی بنەڕەت و ڕەچەڵەکی گەلێکی سەربەخۆ و مێژوویی بە بوونەوەرانی جیهانی نامۆ و چیرۆکی پڕوپووچ و بێماناوە، نیشاندەری نەزانیی و نەبوونی زانیاریی یان دوژمنایەتیی ئەم تاقمە لە نووسەرانە کە پێداچوونەوەی قووڵ و بنەڕەتی و زانستییان کردووەتە قوربانی نادەربایسیی خۆیان، یان بە هۆی ئامانجی تایبەتی خۆیان، ئاوەها لەم جۆرە ڕوانگە و تێبینییە کەڵکیان وەرگرتووە؛ چونکە بەبێ ئەوەی لە ڕاستی و ناڕاستیی ئەمجۆرە گێڕانەوانە تێڕامانێکیان بوو بێت و بەڵگەی زانستی و مێژوویی بۆ گێڕانەوەکانی خۆیان بهێننەوە، یان بیرمەندانە خۆیان پێداچوونەوەیان لەسەر پێدراوەکان هەبێت، لە کتێبەکانیاندا هێناویانەتەوە و ئاماژەیان پێکردووە. باوبوونی ئەم گێڕانەوانە لە نێوان نەتەوە دراوسێکانی کورداندا، دەتوانرێت بە هۆی کوێستانیبوون و دژواربوونی هاتوچۆ لە ناوچە کوردنشینەکان و ناڕەزامەندیی کوردان لە پێوەندییان لەگەڵ خەڵکانی دی پێناسە بکرێت؛ چونکە پێوەندیی و هەڵسوکەوت و هاتوچۆیان لەگەڵ دراوسێکانیان دژوار بووە و هەر ئەم هۆکارەش بووبووە هۆی ئەوە کە ئەم چەشنە ناتۆرانە لەمەڕ ئەوانەوە پەرەبستێنێت.

## چێوەی جوگرافی

کوردستان دەبێت وەک بڕبڕاگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەچاو بکرێت؛ چونکە ئەم ناوچەیە لە زنجیرە چیایەک پێکهاتووە لە نێوان زەریای ڕەش تا ناوچە نشێوەکانی میزۆپۆتامیا و کەنداوی فارس[٣٦]. سنوورەکانی کوردستان، ناوچەکانی کوێستانی و دەشتایی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئانادۆل لەخۆدەگرێت. ئەم وڵاتە، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی ئاگری[٣٧] و بەشێک لە ناوچەکانی باکووری زاگرۆسە کە بەسەر دەشتاییەکانی جزیرە لە باکووری سوریا و میزۆپۆتامیا لە عێراقدا زاڵە و لە لایەنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، بەسەر دەشتاییەکانی ناوەندی ئێران و تورکیادا زاڵە. کوردستان لە لایەنی باکووری ڕۆژهەڵاتەوە سنووردارکراوە بە ناوچە کوێستانییەکانی قەفقاز[٣٨]. ئەم مەڵبەندە بە هۆی کوێستانیبوونی لە ناوچە هەرە جوان و دڵڕفێنەکانی ئاسیایە کە ئەم تایبەتمەندییە ناوچەییەی وایکردووە لە بواری کولتوورییەوە ڕواڵەتێکی تایبەت و جیاوازی پێ ببەخشێت و بووەتە هۆی تایبەتمەندیی زۆر و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕێبازی ئایینیەوە فرەچەشنی لەنێوانیاندا باوە[٣٩].

ئەگەر لە لایەنی ترابۆزۆنەوە[٤٠] لە قەراخەکانی زەریای ڕەشەوە، هێڵێک بەرەو ئادێنا[٤١] و ئێسکەندەروونە[٤٢] لە قەراخەکانی دەریای سپیی نێوەڕاست بکێشین و بەرەو موسڵ[٤٣] درێژەی پێبدەین، دواتر هێڵەکە بەرەوە باشوور لە ناوچەکانی باکووری کەنداوی فارسەوە درێژەی پێبدرێت و هەروەها بەرەو باکوور لە قەراخەکانی ڕۆژئاوای دەریای خەزەر بیکێشینەوە، چێوەیەک لە ناوچەکانی کوردستان بەدەست دێت[٤٤].

## ئیثناعەشەری[٤٥] (دوانزەئیمامی، جەعفەری)

شیعە کەسێکە شوێنکەوتووی حەزرەتی عەلی و لە ڕووی دەقی ئایینی ڕاشکاو یان نادیارەوە، باوەڕی بە ئیمامەتی عەلی هەیە و بڕوای وایە کە ئیمامەت لە منداڵەکانی ئەووەوە بۆ هیچ کەسێکی دیکە ناگوێزرێتەوە. ئەوان بە پێنج گرووپی کەیسانیی، زەیدیی، ئیمامی، غولات و ئیسماعیلیی دابەش دەبن[٤٦]. ئیمامییەکان دەڵێن کە پێغەمبەر بە ڕاشکاوی ئیمامەتی عەلی ڕاگەیاندووە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە ئایینی ئیسلامدا، بابەتێکی گرنگتر لە دابینکردنی ئیمام نیە و لە پێغەمبەر ناوەشێتەوە و شایانی کەسایەتیی پەیامبەر نیە کە لە ئەرکەکانی چاوپۆشیی کردبێت. ئەوان ئیمامەت تایبەت بە منداڵەکانی حەزرەتی عەلی تا محەممەدی مەهدی، کوڕی حەسەن عەسکەری دەزانن، ئەگەرچی هەندێکیان لە دابینکردن و دیاریکردنی منداڵەکانی ئیمامەکاندا، جیاوازیی بیروڕایان هەیە[٤٧]. یەکێک لە لقە گەورەکانی ڕەوتی شیعەگەریی، شیعەی ئیثناعەشەری، دوانزە ئیمامی یان جەعفەرییە کە هەم لە باری مێژوویی و

بەرز و نزمییەوە، هەم لە باری ژمارە و شوێنکەوتوانەوە زۆرینەن و هەم لە ڕوانگەی ئاخاوتەی ئایینییەوە لە هەڵسەنگاندندا لەگەڵ لقەکانی دی، هێور و نەرمترن[٤٨]. شیعەی ئیمامیە کە کورتکراوەکەی لە زمانی گشتیدا، "شیعە"یە و بە زمانی فیقهی، ئیمامگەرایی پێدەڵێن، ئەمڕۆ مەزهەبێکە بە تایبەتمەندیی دیاریکراوەوە کە مەزهەبی "جەعفەریی" یان "ئیثناعەشەری"یشی پێدەوترێت. شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە کە گەورەترین دەستەی شیعەن و بە ئیمامییەی ئیثناعەشەری ناودێر کراون، باوەڕیان بە جێنشینیی ئەم ئیمامانە لەدوای پێغەمبەرەوە هەیە[٤٩].

## یارسان[٥٠] (ئەهلی حەق، کاکەی)

ئایینی یارسان، ئایینێکی ئێرانییە کە لە پێوەندی لەگەڵ کورددا لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵات بە زاری گۆران سەریهەڵداوە و لەم شوێنەوە بەرەو ناوچەکانی دیکەی کوردنشین، ئازەربایجان و ناوچەکانی دیکەی ئێران پەرەی سەندووە[٥١]. بنەڕەتی سەرهەڵدانی ئەم ئایینە کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بە ناوی ئایینی یاریی، ئەهلی حەق، ئایینی حەقیقەت، دینی حەق[٥٢]، کاکەیی و عەلیولاییش بەناوبانگە[٥٣]، لە بیرۆکە عیرفانییەکان و ئایینە کۆنەکانی ئێرانە و لە سەردەمی ئیسلامیدا بە دزەکردن و هاتنەناوەوەی سۆفیگەریی و شیعەگەریی ئیسلامیی و باوبوونیان لە نێو بنەڕەتی بیروباوەڕیاندا، ڕواڵەتی نوێی بە خۆوەگرتووە، بەو شێوازەی کە ئەمڕۆ لەنێوان شوێنکەوتووەکانی ئەم ڕێبازەدا دەبینین و ڕواڵەتێکی نوێی بە خۆیەوە گرتووە[٥٤]. سەرەڕای ئەمە هەندێک دابونەریتی ڕێبازی نێعمەتولاییش لەم ئایینەدا، بەدیدەکرێت[٥٥]........

## عەلەوی[٥٦] (قزڵباش)

عەلەوییەکان، کۆمەڵێک لە گرووپەکانی تورک، کورد و عەرەبی دەڤەری ئاناتۆلین کە لە باری ئایینییەوە لە بازنەی دەستە و لقەکانی شیعەگەرین و زۆر لەژێر کاریگەریی باوەڕ و ڕێبازی سۆفیگەریدان. لە هەمان کاتیشدا لە بواری جوگرافیی و لەیەکچوونی ناوەوە، نزیک بە یەکن، بەڵام لەنێوان هەرسێ گرووپەکەدا، جیاوازیی ئایینیی ڕاشکاو بەدی دەکرێت. عەرەبەکانی عەلەوی کە لە باشووری ئاناتۆلی و وڵاتی سوریا نیشتەجێن، بە ناوی "نوسەیریی" دەناسرێن و لە بواری چوارچێوەی مەزهەبییەوە، پەیوەندیی ئەوتۆیان لەگەڵ کورد و تورکانی عەلەویدا نیە. کوردانی عەلەوی و تورکی ئاناتۆلیش جیاوازیی تایبەتییان پێکەوە هەیە؛ چونکە کوردانی عەلەویی ئاناتۆلی کە نزیکی یەک لە سەر چواری هەموو کوردانی تورکیا پێکدەهێنن، بناغەی ئایینەکەیان لە ئایینەکانی کۆنی ئێران، وەک زەردەشت، مانەوی و زەروانی وەرگرتووە کە لە پەیوەندیی درێژخایەندا لەگەڵ باوەڕە ئیسلامییەکان، هێماکانی ئیسلامی شیعەی بەخۆوەگرتووە.

لە کاتێکدا ئایینی عەلەوییەکانی تورکمەن لەژێر کاریگەریی ئیسلامدا و پێڕەوکردنی بڕێک باوەڕی کۆنی تورکمانەکان زۆر لە عەلەوییەکانی کورد جیاوازن[٥٧].

## شەبەک[٥٨]

شەبەک، ئەنجوومەنی تایفە ڕەسەنەکانی کوردە کە خاوەنی هۆگریی مەزهەبیی تایبەت بوون و ئەم هۆگرییە ئایینییە تایبەتە، بووەتە هۆی ئەوە کە لە تایفەکانی دیکەی کوردی دراوسێیان جیابکرێنەوە. تومایس بویس،[٥٩] باوەڕی وایە کە ئەوان چەند سەدە پێش ئێستا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوونەتە ناوچەی موسڵ و لەم ناوچەدا نیشتەجێ بوون و بە زارێکی تایبەت کە بنەڕەتی لە زاری کوردیی خەڵکی ناوچەی کرماشانە، قسان دەکەن و ئەم هۆکارەش بووەتە هۆی ڕاستیی ئەم بابەتە[٦٠]. بەڵام ئەم بڕوایە جێگەی ڕەخنەیە؛ چونکە زاری کوردانی شەبەک لە لقەکانی کوردی "گۆران"ە کە بەدوای یەکدا لە تەواوی کوردستاندا لە باکوورەوە هەتا باشوور و لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوا، لە نێوان کورداندا بەکار هێنراوە و تایبەت بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات نیە. ئەم کوردانە ئێستا لە پەنجا دێهاتی پارێزگای نەینەوا،[٦١] ژیان بەسەردەبەن کە لە نێوان سێ ناوچەی موسڵ[٦٢]، حەمدانییە[٦٣] و تەلکیف[٦٤]، دابەشکراون. کوردانی شەبەک لە غولاتەکانی شیعەن و هاوبەشیی ئایینیی پڕواتا لەگەڵ کوردانی ئەهلی - حەقیان کۆیاندەکاتەوە[٦٥]. ئەوان تەنیا گڵکۆی کەسە ئایینییەکان زیارەت دەکەن و لە لای کەسایەتیی ئایینی کە بە "پیر" یان "بابا" بانگی دەکەن، گوناحەکانی خۆیان دەدرکێنن. شەبەکەکان لەمەڕ حەزرەتی عەلی لە ڕادەبەدەر پیاهەڵدەکوتن) و ژمارەی تایبەت، بۆ ئیمامەکانی ئیثناعەشەری وەک هێما و سیمبۆل بەکار دەبەن. کتێبی پیرۆزی ئەوان بە ناوی "مەناقب"[٦٦] بەناوبانگە و باسی ڕەوشت و ئاکار دەکات و.

## سارێلی[٦٧]

یەکێک لە ئایینە باوەکان لە نێوان تایفەکانی کورد، ئایینی سارێلییە کە شوێنی نیشتەجێبوونیان ناوچە باشوورییەکانی موسڵە لە عێراق و بە زاری گۆرانی قسە دەکەن[٦٨]. تایفەی سارێلی خۆیان لە وەچەی عەشیرەی کورد واتە "کاکەیی"[٦٩] دەزانن کە شوێنی سەرەکیی خۆیان لە دەوروبەری کەرکوک بەجێهێشتووە و هاتوونەتە دەوروبەری موسڵ و لە ناوچەکان و دێهاتەکانی ئەوێ نیشتەجێ بووگن. لە ئایین و شەرعیەتی سارێلییەکاندا، سەییەکان لە پلەی یەکەمی شەرعیەت و کەسایەتیی ئایینین و دوای سەییەکان، کاکەییەکان وەک کارگێڕی چالاکییە مەزهەبییەکان لە پلەی دووەمدا دەژمێردرێن[٧٠]. هۆی ناولێنانی ئەم تایفە بە سارێلی ئەوەیە کە ڕۆحانییەکانیان

بەهەشت بە تاکەکان لەم تایفە دەفرۆشن و ئەو کەسەی کە دەبێتە خاوەنی بەهەشت، دەڵێت: "صارت لی الجن.

## بێجووران[٧١]

لە دەستە و کۆمەڵی دی کە سەر بە بیروباوەڕی شیعەگەرییە، بێجوورانە. ئەوان مەزهەبێکی تایبەت و پڕ لە ڕەمزوڕازیان هەیە کە خۆیان بە ئیلاهی، ناودێر کردووە و مەبەست هەمان عەلیوڵلاییە[٧٢]. ئەم گرووپە زۆرتر لە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ لە کوردستانی عێراقدا ژیان بەسەردەبەن[٧٣]. کوردەکانی بێجووران زۆرتر لە تایفەکانی سارێلی و تاقمە مەزهەبییەکانی دیکەی ناوچەکە، هۆگری عەلەوی و شیعەن و باوەڕ و هۆگریی تایبەتییان بە ئیمام عەلی، ئیمام حسەین و ئیسمایل کوڕی ئیمام جەعفەری سادق هەیە. هۆگرێتی و خۆشەویستییان بۆ ئیسمایل کوڕی ئیمام جەعفەری سادق، لەوانەیە بە هۆی پاشماوەی بیروبڕواکانی ئیسمایلییەکان و قەرمتییەکان لە ناوچەکانی کوردستاندا بێت........

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم
# جوگرافیای مێژوویی ناوچەکانی کوردستان لە سەردەمی ئیسلامدا

دابینکردن و دیاریکردنی ڕاستیی ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان، هاوکات لەگەڵ هاتنی عەرەبەکان بۆ ناوچە کوردنشینەکان و قۆناغی سەرکەوتنەکانی ئیسلام، بە هۆی ئەوەی کە خاوەن دەوڵەت و سنوورێکی دیاریکراو نەبوون، کارێکی ئەستەم و دژوارە. لەو سەردەمەدا، کوردستان دەڤەرێکی بەرفراوان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای دەسەڵاتدارێتیی بەهێزی ساسانییەکانی پێکدەهێنا. ساسانییەکان، پێوەندییەکی بەهێز و پتەویان لەگەڵ کوردەکان هەبوو.

## کوردەکانی فارس و خوزستان

### فارس

بۆ مێژوو، بە ڕوونی و دروستی ئاشکرا نیە کە لە چ سەردەمێک و کاتێکەوە کوردەکان بەرەو ناوچەی فارس ڕەوانە بوون و لەم ناوچانە، بناغەی ژیان و دەسەڵاتدارێتییان پێکهێناوە، هێندە ڕوونە کە هەندێک لە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، کوردن و سەرچاوە مێژوویی و جوگرافیاییەکان بە ئاماژە جیاجیاکانی خۆیان، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەی کە ئایا دەوڵەتی هەخامەنشی ئەم دەستە و گرووپەی لە کوردان بۆ ناوچەکانی فارس هێناوە یان خۆیان بە هۆی وشکەساڵی و قاتی، ناچار بوون بەرەو ئەم ناوچانە کۆچ بکەن؟ یان ئەوەی کە داریوشی هەخامنشی لە سەردەمی هێرشی ئەسکەندەردا، بانگهێشتی ئەم کوردانەی کردووە تاکو لە پایتەختی دەسەڵاتدارێتیان بەرگریی بکەن، ئەمانە هەموو گریمانەن کە گومان لە ڕاستییان هەیە. بە هەرحاڵ زۆربەی بەڵگە مێژووییەکان لەسەر هەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە تایفەکانی کورد لە فارسدا جەختیان کردووەتەوە. ئیبن خۆردادبە، لەمەڕ ئەم بابەتەوە دەڵێت: "کوردەکانی ناوچەی فارس، چوار هۆزن کە بریتین لە؛ هۆزی حوسەین بن جەیلوویە ناسراو بە بازەنجان یان بازڕینگی، هۆزی ئەردام بن جوانا، هۆزی قاسم بن شەهریار ناسراو بە کووریان و هۆزی حەسەن بن ساڵح ناسراو بە سۆران"[٧٤]. ئیبن حووقەڵ، جوغرافیاناسی بەناوبانگی سەدەی سێیەمی کۆچی، لەمەڕ کوردەکانی فارسنشین دەنووسێت: "هۆز و عەشیرەکانی کورد لە پارێزگای فارس بریتین لە؛ ڕامانیە، مێدین، بێشەڕ، بندازمیهریە، ئێسحاقی، سەباحیە، ئازەرگانیە، کرمانیە، سوهەرکیە، تەمادهینی، زیادیە، شەهرۆویە، بندازقیە، خوسرەویە، زەنگیە، سەفاریە، شەهیاری، مێهرکیە، ئوستامێهریە، شاهۆیە، فەراتیە، سەلموونیە، سەیریە، ئازاددوختیە، موتە-

ڵەبیە، مەعالیە، لاریە، بەرازدوختیە، شاهگانیە و جەلیلیە. ئەمانە تیرە و هۆزەکانی بەناوبانگی کوردەکانی وڵاتی فارسن. ئەگەرچی ناوی هەموو هۆز و عەشیرەی کورد، کارێکی ئەستەمە و دەبێت سەردانی نووسینگەکانی باج و ماڵیاتی زەویوزار بکرێت؛ ..................

## کوردەکانی ئازەربایجان

دانیشتوانی بنەڕەتیی ئازەربایجان پێش هاتنی تورکانی سەڵجووقی و سەقامگیریی دەوڵەتی ئیلخانی لە مەراغە و سولتانییەدا، لە کوردەکان پێکدەهات و هەندێک لە خەڵکی دەیلەمی و گیلیش لە نێوانیاندا ژیانیان بەسەر دەبرد. کوردەکانی ئازەربایجان بەگشتی لە دوو هۆزی گەورە پێکهاتبوون؛ هۆزی ڕەوادی و هەزبانی، کە ناوچەگەلێکی تایبەت لەژێر ڕکێفی ئەواندا بوو.

## هەزبانییەکان

هەزبانییەکان، تایفەیەکی گەورەی کوردبوون کە ناوچەکانی باشووری ئازەربایجانیان بەدەستەوە بوو و شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونیان لە دەوروبەری نەینەوا و هەولێر هەتا بەشەکانی باشووری گۆلی ورمێ، بەرفراوان بوو و زۆربەی دانیشتوانی شارەکانی مەراغە، شنۆ، ورمێ و سەڵماس، لە هەزبانییەکانی کورد پێکدەهاتن[٧٥]. ئەم هۆزە، پێوەندیی نزیک و درێژخایەنی لەگەڵ کوردەکانی ڕەوادی هەبوو و هەرچەند جارێکیش دەسەڵاتداریتیی بەسەر ناوچەی دیاریکراو لە ئازەربایجان لە نێوانیاندا دەستبەدەست دەبوو. تایفەی کوردی هەزبانی لە سەدەی چوارەمی کۆچی لە دەورانی خەلافەتی عەبباسیدا، پارێزگایەکی سەربەخۆ بە ناوەندێتیی شاری ورمێیان پێکهێنا. ئەوان دەڤەری چالاکییەکانی خۆیان هەتا هەولێر پەرەپێدا و لەو هۆز و دەستانەن کە لە بەڕێوبردنی ناوچەکانی ئازەربایجان، ناوچە کوردنشینەکانی جیبال و ناوچەی ناوەندی و باکووری کوردستاندا کاریگەریی زۆریان هەبوو.

## ڕەوادییەکان

ئیبن ئەسیر، هۆزی ڕەوادییەکانی وەکو باشترین هۆزی کوردەکان پێناسەکردووە[٧٦]. هەندێکی دیکە لە نووسەران، ئەم هۆزەیان بە لقێکی دی لە کوردەکانی هەزبانی ناساندووە؛ وەکو مەقریزی کە ڕەوادیانی وەک بناغەی کوردەکانی هەزبانی ناساندووە[٧٧]. بەڵام شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانی ئەم تایفانە، پیشاندەری ئەوەیە کە ڕەوادییان و هەزبانیان دوو هۆزی گەورە و سەربەخۆی کورد بوون کە لە دانیشتوانی ئازەربایجان بوون؛ چونکە بە پێچەوانەی کوردەکانی هەزبانی کە شوێنی نیشتەجێبوونیان، کوردستانی ناوەندی هەتا باشووری گۆلی ورمێیە، شوێنی نیشتەجێی

ڕەوادییەکان لە ناوچەکانی باکووری گۆلی ورمێ هەتا قەفقاز بووە و حەشیمەتێکی زۆر لە شارەکان و ناوچەکانی تەوریز، هەولێر، سەراو، نەخجەوان، گەنجە، دەبیل، دوین و ئانیان پێکهێنابوو. ڕەوادییەکان کە لە هۆزە کۆنترەکانی ئازەربایجان بوون.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم
# کوردستان لە قۆناغەکانی ئیسلامیدا

## کورد و ئیسلام تا دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەوی (١-٤٠ ک)

بەپێی بۆچوونی ڕاڤەکاران، حەدیسگێڕەوەکان و مێژوونووسان و نووسەرە گەورەکانی ئیسلامی، پەیوەندیی نێوان کوردەکان و عەرەبە موسوڵمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر؛ ئەوان لە کتێبەکانی خۆیاندا، کاتێک باسی ئەسحابەی پێغەمبەر دەکەن، ناوی "جابان" یان "جاوان"ی کورد دەهێننەوە کە ناسراو بە »ئەبوو بەسیر« بووە و سەرەڕای نووسینی ژیاننامەی، چەند حەدیسێکیشیان لەم هاوەڵەوە هێناوەتەوە. هەروەها کوڕی جابانی کورد بە ناوی مەیموون، بە یەکێک لە تابیعین (پێڕەوانی سحابەی پێغەمبەری ئیسلام) و حەدیسوێژانی سەردەمی سەرەتای ئیسلام ناو دەبەن کە هەموو کاتێک لە پاڵ ناوی باوکی بەڕێزیان، ناویان هێناوە[٧٨]. ئەبوو بەسیر، دوای سوڵحی حودەیبییە لە نێوان پێغەمبەر و کافرەکانی مەککەدا، بوو بە موسوڵمان و ڕۆیشت بۆ مەدینە. ناوی ئەبوو بەسیر لەناو موسوڵمانە کوردزمانە کاندا لە سەلمانی فارسی بەناوبانگترە[٧٩]. جاوان یان جابان، ناوی هۆزێکی زۆر گەورەو بەهێز لە کوردەکانی ناوچەی باشووری کوردستانە کە لە وڵاتەکانی عێراق و ئێران نیشتەجێن و بۆ ئیسلام و حکومەتە ناوچەییەکانی کورد، خزمەتی زۆریان کردووە و ئەمڕۆکە بە ناوی عەشیرەی گەورەی "جاف"[٨٠] دەناسرێن. لەوانەیە ناوی ئەم هاوەڵە لە ناوی ئەم هۆزە گەورەی کوردەوە وەرگیرابێت کە ناوچەی دانیشتنیان لە باشووری کوردستان هەر لەمێژەوە تا ئێستا لە پەیوەندیی لەگەڵ هۆزەکانی عەرەبدا بوون.

دووەمین پەیوەندیی نێوان گەلی کورد و عەرەبە موسوڵمانەکان، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سەرکەوتنەکانی ئیسلامی و بەتایبەت سەرکەوتن و دەسڕاگرتنیان بەسەر عێراقدا. هاوکات لەگەڵ شاڵاو و سەرکەوتنەکانی ئیسلامدا، دەوڵەتی ساسانی تووشی قەیران و دووبەرەکیی ناوخۆیی و داڕووخانی سیاسی بووبوو، بە جۆریک کە هەر ئێسپاهبەد یان مەرزبانێ، پاریزگاکەی خۆی وەک موڵکی پێگەیشتووی خۆی دەزانی و خۆی لە خانەدانەکانی کۆن دادەنا. بەتایبەت کاتێک خانەدانی ساسانی بەرەو داڕووخان چوون، ئەم بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتانە بەهێزبوون و بوو بە هۆی سەرەکیی یەکنەگرتنیان لە بەرگری و داکۆکیکردن لە وڵات و خاکی دەوڵەتی ساسانیدا[٨١].

## داگیرکردنی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئیسلامەوە

پێوەندیی ڕاستەخۆی کورد و عەرەبی موسوڵمان بۆ قۆناغی داگیرکردنەکان و سەرکەوتنەکانی ئیسلامی و هێرشیان بۆ هەرێمی دەوڵەتی ساسانی دەگەڕێتەوە. بەڵگە مێژووییەکان پێشاندەری ئەوەن کە دەسەڵاتداریی شارەکان لەپێش شەڕی قادسییە و دوای ئەم شەڕەش، بەردەوام بۆ بەرامبەرکێکردن و بەرەنگاریی هێرشەکانی عەرەب، لە نزیکترین تایفەکانی ئێرانی بە ناوەندی دەوڵەتی ساسانی واتا کوردەکان، یارمەتییان وەرگرتووە[٨٢]. یەزگەردی سێیەم، کە دواین پاشای دەوڵەتی ساسانی بوو، دوای جێهێشتنی پایتەختی دەسەڵاتدارێتیی خۆی، واتە تیسفوون (مەداین)[٨٣]، بۆ ماوەیەک لە حەڵوان و لە نێوان کوردەکان مایەوە[٨٤]، دەسڕاگرتنی هێزەکانی ئیسلام بەسەر ناوچەکانی کوردستان لە کتێبی فەتحەکان و مێژووی ئیسلامیدا، لە چەند لایەنەوە دەتوانین ڕەچاو بکەین؛ ناوچەی کوردنشینی جیبال، ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان، کوردستانی ناوەندی و ناوچەکانی جزیرە و بەرگریی کوردەکانی دانیشتووی خوزستان و فارس، هەمبەر هێزەکانی ئیسلام..........

## داگیرکردنی ناوچە کوردنشینەکانی جزیرە

لە سەردەمی عومەر بن خەتابدا، لە لایەن عەیاز بن غەنەمەوە، ناوچەی کوردنشینی جزیرە بە تەواوەتی دەستی بەسەرداگیرا[٨٥]. عەیاز، لەگەڵ هێزە موسوڵمانەکانی نیشتەجێی شام بوو و بە کۆچی دوایی ئەبا عووبەیدەی جەڕاح، لە لایەن خەلیفەوە وەک فەرماندەی ئەم هێزانە دیاری کرا. کاتێک کە خەلیفەی دووەم، یەزید بن ئەبووسوفیان و دواتر براکەی، مەعاویەی وەک فەرماندەی هێزەکانی شام هەڵبژارد، داگیرکردنی جزیرەی بە عەیاز سپارد . یەکەمین شارێک کە عەیاز داگیری کرد، شاری ڕۆها (ئۆرفە)[٨٦] بوو کە بە پەیمانی ئاشتی کرایەوە[٨٧]. دواتر عەیاز بەرەو ڕەققە[٨٨] ڕۆیشت و ئەو شارەی ئابڵۆقە دا. دوای ماوەیەک پێکدادان، خەڵکی شار، داوای پاراستنیان کرد و بە دابینکردنی باج و سەرانە، ئەو شارەش دەستی بەسەرداگیرا. خەڵکی حەڕرانیش[٨٩] دوای کەمێک بەرگریکردن لە بەرامبەر هێزە موسوڵمانەکاندا، ئەوانیش داوای پاراستنیان کرد و پەیماننامەیەکیان لەگەڵ عەیاز واژۆ کرد کە بەلازەری، دەقی ئەم ڕێککەوتننامەیەی لەگەڵ خەڵکی ڕۆها و ڕەققە واژۆیان کرد، لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوە[٩٠]. بە دەستڕاگرتن بەسەر ئەم دوو شارەدا، تەواوی شارەکان و ناوچەکانی دیکەی جزیرە لە بەرامبەر هێزەکانی عەیاز، بەرەنگارییەکیان نەکرد و بەپێی پەیماننامەی ئاشتیی هاوشێوە، شارەکانی سمیسات[٩١]، ئامەد (دیاربەکر)[٩٢]، میافارقین[٩٣]، کەفەرتوسا[٩٤]، نوسەیبین[٩٥]، شەنگال[٩٦]، تورعابدین[٩٧]، ماردین[٩٨]، دارا[٩٩]، باقەردی، بازەبدی[١٠٠] و زۆزان[١٠١] خۆیان سپاردە

موسوڵمانەکان. عەیاز، بە ناردنی هێزەکانی خۆی بەرەو ناوچەکانی باکوور، سنووری هەرێمی ئیسلامیان تا ئەرمەنییە، پەرەپێدا و شارە کوردنشینەکانی بەدلیس[١٠٢] و ئەخلاتیان[١٠٣] ناچار کرد کە پەیماننامەی ئاشتی واژۆ بکەن. لە ڕێگەی گەڕانەوەش بەرەو ڕەققە، عومیر بن سەعدی، بۆ عەینولوەردە (راس العین، سەرێکانی)[١٠٤] نارد و دوای شەڕێکی قورس، ئەم شارەش داگیرکرا[١٠٥]. هەروەها وەک نووسراوەکانی بەلازەری نیشانی دەدات، فەتحی ناوچە کوردنشینەکانی جزیرە، لە ناوچەکانی دی ئاسانتر بووە و لە نێوان ساڵەکانی(١٨تا٢٠ ک).

## کوردستان لەدوای داگیرکردنە ئیسلامییەکانەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەوی

دوای تەواوبوونی داگیرکاریی ئیسلامی لە ناوچەکانی کوردستان کە هاوکات بوو لەگەڵ شەهیدبوونی خەلیفەی دووەم لە ساڵی (٢٣ ک)دا، فەرتەنە و ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوان موسوڵمانەکاندا لە سەردەمی دوو خەلیفەی دیکەی ڕاشیدین (عوسمان و عەلی)دا سەریهەڵدا و بوو بە هۆی ئەوەی کە مێژوونووسان، چیتر هەواڵەکانی ئەو ناوچە و دەڤەرانەی کە داگیرکرابوون و عەرەب نەبوون، ڕەچاو نەکەن؛ چونکە ڕووداوەکان و شەڕە ناوخۆییەکانی نێوان موسوڵمانەکان بەتایبەت شۆڕشی خەڵک لە بەرامبەر خەلیفەی سێیەم، شەڕی جەمەل، سەفەین و نەهرەوان، بوون بە لەمپەرێک بۆ ئاوڕدانەوەی مێژوونووسەکان لە بارودۆخی خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان. کەواتە هەواڵ و گێڕانەوەکان لەمەڕ ئەم بابەتەوە زۆر کەمن و لەژێر سێبەری هەواڵی ئاژاوە و شەڕە ناوخۆییەکانی موسوڵمانەکان لەم قۆناغانەدا شاراوە ماوەتەوە و ئەگەر باسێکیش کرابێت لەمەڕ هەلومەرجی خەڵکی ئەو ناوچانەیە کە بە شێوازێک لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆی ئەم شەڕانەدا، پێوەندییان هەبووە. لە لایەکی دیکەوە، کتێبە کۆنە مێژووییەکان، بەتایبەت کتێبە مێژووییە ئیسلامییەکان، تەنیا ئاوڕیان لە ڕووداوە سیاسییەکانی دەزگای دەسەڵاتداریی داوەتەوە. هەر بۆیە تەنیا کاتێک باسی خەڵک و کۆمەڵگەیان خستووەتە ڕوو کە لەگەڵ دەزگای دەسەڵاتدارێتی لە پێوەندیدا بووبێت . هەر ئەم مەسەلەش بووەتە هۆی ئەوەی کە مێژووی ڕابوردەی نەتەوە بندەستەکان، بەتایبەت کوردەکان، لەژێر هەزاران خەروار خۆڵ و خاک لەگەڵ خەڵکەکەدا نێژراون و مێژووناسان تەنیا بە کۆڵینکاریی و پشکنینی ورد و هەڵدانەوەی لاپەڕە مێژووییەکان لەمەڕ خەلیفەکان و دەسەڵاتدارانی ئەو کات، بتوانن کەمێک زانیاری لەمەڕ ئەوان دووبارە بەدەست بهێننەوە. لە گرنگترین ڕووداوەکانی ئەودەم کە لەمەڕ کوردەکانە و پەیوەندیی بە سەردەمی خەلافەتی عوسمانەوە (٣٥-٢٤ ک) هەیە، دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی خەڵکی کوردی ئازەربایجان لە ساڵی (٢٥ ک)[١٠٦] بکەین: شۆڕشی کوردەکانی خووزستان و فارس لە (٢٩ک)[١٠٧]، لەبەرچاونەگرتن و شکاندنی ناوەڕۆکی پەیمانی خەڵکی حەڵوان و شۆڕشی کوردەکانی جیبال لە

ساڵەکانی (٢٩ و ٣٢ ک)[١٠٨] و هەوڵی پارێزگارانی خەلیفەی سێیەم بۆ سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشانە و خستنە ژێر ڕکێفی دووبارەی ئەو خەڵکە.

## چالاکیی لادەرەکان (خەواریج) لە ناوچەکانی کوردستان لە سەردەمی عەبباسیدا

ئەگەرچی کوردەکان وەڵامی ئەرێنییان بە بانگهێشتەکانی عەبباسییەکان دایەوە و وەک گەلانی ئێرانیی دی لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەیاندا، بەشداربوون، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ئەبوولعەباسی سەفاح (١٣٦-١٣٢ ک) و ئاشکرابوونی چییەتیی ڕاستەقینەی عەبباسییەکان، کوردەکان وەک گەلە ئێرانییەکانی دی، زۆر زوو لەم حکومەتەش بێهیوابوون. کاتێک کوردەکان لە پشتیوانی و هاوکاریی خۆیان لەگەڵ خەلافەتی نوێی عەبباسی، ئاکامێکیان دەستنەکەوت، دووبارە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوونەوە بە ناوەندی چالاکییەکانی لادەران و نەیارانی دیکەی خەلافەت. کوردەکان لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسیدا بە شێوازێکی بەرین لە جزیرە و هەموو شوێنە دوورەکانی ناوچەی موسڵ و باقیی ناوچەکانی دی، بڵاوبوونەوە و بە بانگێشتی سەرۆکی لادەرەکان بەرەو لای خۆیان، ئەم ناوچانەیان کرد بە ناوەندێکی دژ بە خەلافەتی عەبباسی. لە بەناوبانگترین شۆڕشەکانی لادەرەکان لە کاتی خەلافەتی هارونە ڕەشید (١٧٠-١٩٣ ک)دا لە کوردستان، ئەمانەی خوارەوەن کە ئاماژەی پێدەکەین کە هەموویان بە دەستی خەلیفە سەرکوت کراون: سەرپێچی و چوونەدەرەوەی «ئەلعێتاف بن سولەیمانی ئەزدی»، ساڵی(١٧٧ ک) لە ناوچەی موسڵ[١٠٩]، شۆڕشی «فەزڵی خاریجی» لە ناوچەکانی نوسەیبین[١١٠]، بزاڤی «ئەبووعەمرو ششاری» ساڵی (١٨٤ ک)[١١١] و چوونەدەرەوەی «وەلید بن تۆرەیفی شاری» لە ناوچە کوردنشینەکانی جزیرە و نوسەیبین[١١٢].........

## دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکانی سەر بە خەلافەتی عەبباسی

پێش سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی، کوردەکان و دەیلەمییەکان وەک هێز لە لایەن میرنشینی دیکەوە، بەکرێ دەگیران. بەڵام دوای دەسپێکی سەدەی چوارەمی کۆچی، ئەم سیاسەتە گۆڕا و دەیلەمییەکان لەژێر ئاڵای دوو دەوڵەتی دەیلەمیی ئالی زیار و ئالی بووەیهدا کۆبوونەوە. کوردەکانیش هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە بۆ سەربەخۆیی ناوچەکانی خۆیان، هەوڵیان دا و دوای سەربەخۆکردنی لە ناو جەرگەی دەسەڵاتی خەلافەتی عەبباسیدا، وەک هێزێک لەژێر ئاڵای میرنشینەکانی خۆیاندا کۆبوونەوە......

# بەشی چوارەم
# ئایین و مەزهەبە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا

## باوەڕە ئایینییەکانی خەڵکی کورد

لە ڕووی ئایینییەوە ئەمڕۆ تا لە سەدا حەفتای خەڵکی کورد، سوننە مەزهەب و شافیعین. ئەمەش زۆرینەی کوردی لە دراوسێکانی جیاکردۆتەوە؛ چونکە تورک و عەرەبەکانی دراوسێیان، حەنەفی و ئێرانییەکانی دراوسێشیان، شیعە مەزهەبن. زۆرتر لە سەدا پانزەی هەموو کوردەکانیش شیعەی ئیثنا عەشەرین، کە زیاتر لە ناوچە باشوورییەکانی کوردستانی ئێران و عێراق، نیشتەجێن و لەم ناوچانەدا، کوردەکان هاومەزهەبی ئێرانی و شیعەکانی عێراقن. کوردانی دی، شوێنکەوتووی هەندێک مەزهەبن کە بناغەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی گەلانی ئێران لە سەردەمی پێش ئیسلامدا، کە بە درێژایی دەسەڵاتی ئیسلام، هێما و ڕێنوێنییەکانی ئیسلامی شیعەی لەخۆگرتووە و لە چوارچێوەی باوەڕی خۆیاندا، زۆرتر بە غولاتی شیعە نیزیکن[١١٣]، وەک کوردانی عەلەوی لە باکووری ڕۆژئاوای کوردستان و کوردانی یارسان (ئەهلی حەق) لە باشووری کوردستاندا کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی لەخۆگرتووە. هەردوو گرووپەکە بۆ حەزرەتی عەلی، ڕێزێکی زۆریان هەیە و بە سەرنجدان لە دابونەریت و بنەمای باوەڕەکانیان، دەتوانین هەندێک باوەڕی ئایینی زەردەشت و ئایینە کۆنەکانی دیکەی ئێران، لە نێوانیاندا بەدیبکەین[١١٤]. لە گرووپە ئایینییەکانی دی خەڵکی کورد، دەتوانین ئاماژە بە کوردانی ئێزدی، کوردانی یەهوودی و مەسیحی بکەین کە ئەژمارێکی بەرچاو لە خەڵکی شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان پێکدەهێنن.

ئەگەرچی کوردەکان زۆرتر شوێنکەوتووی مەزهەبی شافیعی یان شیعەن، بەڵام پەیڕەوکاری تاقم و ڕێبازی عیرفانی و سۆفیگەرییشن. بە هۆی ئەوەی کە لە کوردستاندا، ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆری وەک ئیسلامی سوننە، مەسیحی، یەهوودی، شیعەی ئیمامی، شیعەی عەلەوی، شیعەی نوسەیری، ڕێبازی نەقشبەندی، قادری، نیعمەتوڵلاهی، خاکساری، بەکتاشی، ئەهلی حەق، کاکەیی، ئێزدی و هتد، بوونی هەیە، دەتوانین بە "هێند و پارسەنگی جیهانی ئیسلام" ناوی ببەین[١١٥].

## ئایینی کوردەکان لە پێش ئیسلام

لەمەڕ ئایین و دابونەریتی کوردەکان لە سەردەمی پێش کۆچکردنی ئارياييەکاندا بۆ خاکی کوردستان، زانیارییەکی ئەوتۆمان بە ڕوونی لە بەردەستدا نیە. بەڵام دوای هاتنی گەلانی

ئارىيايى[١١٦] بۆ ئێران و ناوچە کوردنشینەکان، لە ئاسەوار و نیشانەکانەوە دەردەکەوێت کە کوردەکان شوێنکەوتووی ئایینی میترابیزم[١١٧] یان میهرپەرستی بوون؛ واتە حەزیان لە ڕۆشنایی بووە و تاریکی، ئاڵۆز و دڵتەنگیانی کردووە[١١٨]. میهرپەرستی لە کۆنترین ئایینی کورد و گەلانی ئێرانی بووە. ئەم ئایینە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، باوەڕەکانی دیکەی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕاگرتووە و لەسەر ئایینەکانی دیکەی وەک زەردەشتی، یەهوودی و مەسیحی کاریگەریی داناوە. میهرپەرستی لەسەر بنەمای پەرستنی ئاگر و نیشانەگەلێکی وەک با، تۆفان، بەهار، ئاسمان، چیاکان و هتد....

## چۆنیەتیی پەرەسەندنی مەزهەبی شافیعی لە کوردستان

محەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی (١٥٠- ٢٠٤ک)، لەدایکبووی غەزەی فەلەستینە و لە مەککە و مەدینە وانەی خوێندووە و بۆ ماوەیەک لە بەغدا و دواتر لە میسر نیشتەجێ بووە و دەستی کردووە بە ڕاهێنان و بارهێنانی خوێندکاران لەم بوارەدا. تەنیا زانیارییەک دەربارەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی شافیعی لەگەڵ کوردەکان لە بەردەستدایە ئەوەیە کە لە کاتی سەفەری شافیعیدا بەرەو میسر بۆ ماوەیەکی نادیار لە شاری نوسەیبین[١١٩]، لە ناوچەی کوردنشینی *جزیرە*، نیشتەجێ دەبێت و بۆ ماوەیەک لەم ناوچەدا وانەی فەقێتی دەڵێتەوە[١٢٠]. ئەڵبەتە هیچ ناوێک لە خوێندکارەکانی کە لەم ماوەدا، خوێندکاری شافیعی بوون، لە بەردەستدا نییە. بەپێی نووسراوە مێژووییەکان، هاتنی مەزهەبی شافیعی بۆ کوردستان لە میسرەوە لە لایەن خوێندکارەکانی شافیعیەوە و لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا بووە[١٢١]. لەم نێوانەدا ناوی دوو کەس لە خوێندکارەکانی کە بەردەوام لە بەردەستی ئوستادەکەی خۆیاندا بوون لە میسر، لە ڕاگەیاندنی مەزهەبی شافیعی لە نێوان کوردەکاندا، بەناوبانگترن؛ یەکەم، ئیسمایل مەزەنی (٢٦٤-١٧٥ک) و دووەمیان، ڕەبیع موورادی (٢٧٠-١٤٧ک) کە دەبێت وەکو کەسایەتیی بنەڕەتی و کارتێکەر لە ڕاگەیاندن و پەرەپێدانی مەزهەبی شافیعی لە تەواوی جیهانی ئیسلامدا بژمێردرێن[١٢٢] ..........

نیو سەدە دوای دامەزراندنی نیزامییەی بەغداد، ساڵی (٥٣٣ک) یەکێک لە بەردەوامترین قوتابخانە فێرکاریەکانی فیقە و بنەمای مەزهەبی شافیعی لە کوردستاندا دامەزرا. ئەم قوتابخانە ئایینییە بە ناوی قوتابخانەی "قەڵا"وە لە شاری هەولێر لە لایەن دەرچووی نیزامیەی بەغداد، خدری کوڕی عەقیلی ئەربیلی (کۆچکراوی ٥٦٧ک) دامەزرا و بەبێ وەستان هەتا ساڵی (١٣٦٠ک) وانەی بنەماکانی مەزهەبی شافیعي دەوتەوە. دامەزراندنی قوتابخانەی لەم چەشنە بۆ فێربوونی بنەماکانی مەزهەبی شافیعی لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی کۆچیدا لە شارەکانی کوردستان، درێژەی هەبوو؛ بۆ وێنە لە چوار قوتابخانەی چالاک لە شاری هەولێر لەم

سەردەمەدا، سێ قوتابخانەی تایبەت بە شافیعی مەزهەبەکان و قوتابخانەیەکیش بە شێوازی هاوبەش لە لایەنی فەقێکانی شافیعی و حەنەفییەوە بەڕێوەدەچوو؛ چونکە لەم سەردەمەدا، ئەتابەکانی سەلجوقی دەسەڵاتی ناوچەکەیان بەدەستەوە بوو و تورکەکان خۆیان حەنەفی مەزهەببوون[١٢٣]. ئەڵبەتە ئەم بابەتە بە مانای بڵاوبوونەوەی مەزهەبی حەنەفی لە کوردستان نەبوو و جەماوەری خەڵکی کورد هەر لەسەر مەزهەبی شافیعیی مانەوە.

## بارودۆخی شیعەگەریی لە کوردستاندا لە سەرەتاوە تا ئێستا

## شیعەگەریی لە کوردستاندا، پێش ساڵی٩٠٠م

شیعە بەو کەسانە دەڵێن کە دوای عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب و دوو منداڵەکەی حەسەن و حوسەین، عەلی کوڕی حوسەین و دوای ئەو موحەممەدی باقر و دواتر جەعفەری سادق بە ئیمام دەزانن. هەرچەند گرووپێک بە ناوی زەیدیە بە ئیمامەتی زەیدی کوڕی ئیمام سەجاد، بڕوایان هەیە. دوای کۆچی ئیمامی شەشەم، شیعەکان بە شەش تاقم و دەستە دابەش دەبن. دەستەی شەشەم لە شیعەکانی عەلەوی بە ئیمامەتی حەزرەتی مووسا بن جەعفەر ناسراو بە کازم، باوەڕیان هەبوو و دوای کۆچی ئەم ئیمامە، بە دەستەیەکی تر دابەش بوونەوە. دەستەیەکیان بڕوایان بە کۆچی براوەی ئیمامی حەوتم هەبوو و ئیمامەتیان لە ئەستۆی ئیمام ئەبولحەسەن عەلی بن مووسای ڕیزا، دەزانی. دوای کۆچی حەزرەتی ڕەزا، دووبارە شیعە بە چەند دەستەیەکی دیکە دابەش بوون. یەکێک لەو دەستانە، کوڕی ئیمام ڕەزا، واتە ئیمام ئەبووجەعفەر موحەممەدی کوڕی عەلی ئەلجەوادیان بە ئیمامی نۆیەم دەزانی و کوڕەکەی، واتە ئەبولحەسەن عەلی بن موحەممەد ئەلهادییان، بە ئیمامی دەیەم و دواتر کوڕەکەی، ئیمام ئەبوو موحەممەد حەسەن بن عەلی عەسکەری بە ئیمامی یازدەیەم دەناسن. دوای کۆچی ئیمامی یازدەیەم، شیعە دووبارە بە چواردە دەستە دابەش بوون.

## شوێنپێی شیعەگەریی لە کوردستان لە سەدەکانی دووهەم و سێیەمی کۆچیدا

پێداچوونەوەیەکی ڕاگوزەر بە بارودۆخی ئایینی و مەزهەبیی خەڵکی کورد لە سەدە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا، دەتوانێت بمانگەیەنێت بەوەی کە هۆگریی شیعەگەریی لە نێو کورداندا هەبووە. ناوچە کوردنشینەکان یەکێک لە دەرگا بنەڕەتییەکانی هاتنی ئیسلام بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئێران بوو و بەپێی ئەوەش، بە یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی پێوەندیی نێوان شیعەکانی عێراق و ناوچە ناوەندییەکانی ئێران دەژمێردرا. هاتوچۆی شیعەکان لە شارە کوردنشینەکانی جیبالەوە وەک دینەوەر، حەڵوان، قەرمسین (کرماشان)، میهرەخان قەزەق،

سەیمرە، کەنگاوەر و هتد و نیشتەجێبوونی کاتیی، یان هەمیشەیی ئەم کەسانە لە نێوان کوردەکاندا، بوو بە هۆی ئاشنابوونی خەڵک لەگەڵ بیروباوەڕی شیعە و هۆگرییان بۆ وەرگرتنی شیعەگەریی لە سەدە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا. ئەگەرچی بە هۆی نزیکبوونی ئەم ناوەندانە لە ناوەندی خەلافەتی عەباسی، ئەگەری پەرەسەندنی شیعەگەریی وەک ناوچە ناوەندییەکان و باکووری ئێران مسۆگەر نە.

## هەبوونی بەربڵاوی سادات لە ناوچەکانی کوردستاندا

هاتنی ساداتی عەلەوی (ئەولاد و نەتەوەی پێغەمبەر) بۆ ئێران، لە هۆکارە سەرەکییەکانی دزەکردنی شیعەگەریی بۆ ئێران بوو. مێژوونووسان و نووسەرانی موسوڵمان دەسپێکی ئەمە لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە تۆمار دەکەن. هۆکاری سەرەکیی کۆچی سادات بۆ ئێران کە زۆربەیان شیعە بوون و ساداتی زەیدیشیان تێدابوو، باری ئاسایش و هێمنایەتی، بژێویی ژیان و خۆشبژێوی بوو، زۆرینەی کۆچەکان بە هۆی ئەم فاکتەرە بوو، ئێرانییەکان بەستێنی بژێویی خۆش و ئاسوودەیان بۆ دابین دەکردن.

## گرێدانی فەرموودەوێژانێک بە ناوچەی کوردستان، لە زنجیرە گێڕانەوەکانی فەرموودەی شیعەدا

لەنێوان گێڕەرەوانی فەرموودەی شیعی کە لە کتێبە بڕواپێکراوەکاندا تۆمار کراوە، ناوی فەرموودەوێژانی گەورە لە ناوچە کوردنشینەکانی تێدایە کە پێشاندەری هۆگرێتیی خەڵکی کورد بە شیعەگەریی لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامە، بەتایبەت ئەم بابەتە لە سەدەی سێیەمی کۆچی زۆرتر خۆی دەنوێنێت.[١٢٤] شێخ موفید و شێخ سدوق، کۆمەڵە گێڕانەوەیەکیان لە ***موحەممەد کوڕی موعەقلی قەرەمسینی*** گێڕاوەتەوە.[١٢٥] هەروەها کولەینی، لە کتێبی ***کافی*** لە بەشی ***"الصیام"***، گێڕانەوەیەکی لە لایەن گێڕەرەوەیەکی دینەوەری، بە ناوی حەسەن کوڕی عەلیی دینەوەری هێناوەتەوە کە ئەمیش فەرموودەیەکی لە لایەن سێ کەسی دیکەوە، لە ئیمام سادق گێڕاوەتەوە.

## ڕاپۆرتە مێژووییەکان لەمەڕ هۆگرێتیی شیعەگەریی لە کوردستاندا

لە هۆکارەکانی دیکە لەمەڕ هەبوونی شیعە لە ناوچەکانی کوردستاندا، ڕاپۆرتی مەقدەسییە، کە لە کتێبە جوگرافیاییەکەی خۆی ئاماژەی پێ کردووە. لە کاتێکدا چۆنیەتیی شارەکانی ناوچەی جیبال وەسف دەکات، لەمەڕ هەمەدان کاتێک گەیشتووەتە ئەوێ، دەڵێت: "هەمەدان و ناوچەکانی دەوروبەری لە ئەسحابەی حەدیسن جگە لە دینەوەر کە بە شێوازێکی تایبەتی، شیعەگەلێکی

تێدایە و بە شێوازی گشتیش سوننەمەزهەبن، هەندێکیش پێڕەوی مەزهەبی سەفیانی سوریین...

## ڕۆڵی فەرمانڕەواکان لە هۆگرێتیی خەڵکی کورد بۆ وەرگرتنی شیعەگەریی، پێش ساڵی ٩٠٠م

لە گرنگترین بەستێنەکان لە سەدە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا کە بوون بە هۆی ئاشنابوون و بڵاوبوونەوەی بیروباوەری شیعەگەریی لە کوردستاندا، دەتوانین هێما بەمانە بکەین؛ بەشداریی کوردەکان لە شۆڕشی"عوبەیدوڵڵا کوڕی مەعاوییە کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی جەعفەر تەیار[١٢٦]"، [١٢٧] بەشداریی چالاکانەیان لە شۆڕشی عەباسییەکان و هاوکارییان لەگەڵ دەوڵەتەکانی حەمدانی، *ئالی بویە* و قەرامتەی ئیسماعیلی لە سەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا.

## کورد و بانگهێشتی عەبباسی

بە دەسپێکی بانگهێشتنەکانی عەبباسییەکان کە ئێرانییەکان لە پەرەسەندنی و سەرکەوتنی ڕۆڵێکی سەرەکییان بوو، کوردەکانیش بەشدارییان کرد و هاریکاری ئەم بانگهێشتنە، دژ بە دەزگای خەلافەتی ئەمەوی بوون. عەبباسییەکان ڕاگەیاندنەکان و بانگهێشتنەکانی خۆیان بە دروشمگەلێک بە ناوەڕۆ ک و گەوهەری شۆڕشی شیعەگەریی دەستپێکرد و کوردەکانیش وەکو گەلانی دیکەی ئێران بەرەو ئەم شۆڕشە ڕاکێشران و بەم ڕاگەیاندنانە گشتیان دا. گرۆیەک لە مێژووناسانی کۆن و هەروەها لێکۆڵەرانی هاوچەرخ، پێشڕەوی گەورە و دامەزرێنەری ئالی عەبباس، واتە ئەبوموسلیمی خوراسانییان بە کورد زانیوە کە بە چالاکی و هەنگاوە گرنگەکانی لە سەرکەوتنی بزاڤی عەبباسییەکان، ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا و بناغەکانی پتەو کرد.

## کورد و دەوڵەتی حەمدانی[١٢٨]

ساڵی ٢٩٣ی مانگی، خەلیفەی عەبباسی *موکتەفی* (٢٩٥-٢٨٩ی مانگی)، دەسەڵاتدارێتیی پارێزگای موسڵی دا بە *ئەبولهیجا عەبدوڵڵا کوڕی حەمدان* و ئەم ناوچەیە بۆ ماوەیەک بە شێوازی میراتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی حەمدانییان کە عەرەب بوون. حەمدانییەکان هەر لە سەرەتای پێکهاتنی حکومەت لەگەڵ کوردەکان زۆرترین پێوەندی و هەڵسوکەتیان لەگەڵ یەکدی هەبوو. ئەوان بۆ ڕاکێشانی کوردەکان سیاسەتێکی ژیرانەیان گرتە پێش و پێوەندیی بنەماڵەییان لەگەڵیان ڕایەڵ کرد. بە شێوازێک کە کوردەکان لە لایەنی دایکییەوە لەگەڵ حەمدانییەکان دەبوون بە خزم.[١٢٩] ئەوان شارەزای هێز و توانای کوردەکان بوون، بۆیە بەردەوام لەگەڵ سەرۆک هۆزە

کوردەکان، هاوسەرگیرییان پێکدەهێنا و بەم شێوازە مانەوەی حکومەتی خۆیان لەم ناوچەی کوردنشینە، سەقامگیر کرد.

## ئالی حوسنەویەی بەرزیکانی

هەندێکی دیکە لە نووسەرانی هاوچەرخ بە هۆی پێوەندیی بەربلاوی دەوڵەتی ناوچەی ئالی حوسنەوییە لە کوردستان لەگەڵ ئالی بوویە، میرەکانی ئەم خانەدانە کوردەیان بە شیعەمەزهەب ناساندووە و ئەم حکومەتەیان وەکو بەستێنێک بۆ هاتنی شیعەگەریی بۆ کوردستان پێناسە کردووە. لەمەڕ هۆگرێتیی مەزهەبی ئالی حوسنەوییە یان کوردەکانی بەرزیکانی، سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان هیچ ڕوانگەیەکیان نەدرکاندووە، بەڵام هەندێک لە نووسەران و لێکۆڵەرانی هاوچەرخ، بە ئاوڕدانەوە لە پێوەندیی نێوانیان لەگەڵ ئالی بوویە و ئەوەی کە ئەوان لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی ئالی بوویە لە ئێران لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ئەواندا،...

## کوردەکان و ئایینی خوڕەمی و باوەڕەکانی غولاتی شیعی

کاتێک مەنسووری عەبباسی (١٥٨-١٣٦ی مانگی) بوو بە خەلیفە، ئەبوومووسلیمی خوراسانیی بۆ لەناوبردنی عەبدوڵڵا بن عەلی- مامی خۆی کە لە شام دژ بە مەنسوور یاخی ببوو - ڕاسپارد. ئەبوومووسلیم دوای سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشە، بەرەو خوراسان بەڕێکەوت و لەگەڵ هێزەکانی خۆی، گەیشتە حەڵوان. بەڵام مەنسوور داوای لێکرد کە بۆ پایتەخت بگەڕێتەوە و بە فێڵ و تەکەلە کوشتی. هێزەکانی ئەبوومووسلیم کە لە کرماشان، حەلوان، شارەزوور و ناوچەکوردنشینەکانی دیکە سەقامگیر بووبوون، کاتێک هەواڵی کوشتنی ئەبوومووسلیمیان پێگەیی، لە چیاکان و قەڵاکانی ئەو ناوچانە خۆیان حەشاردا و لە ناوچەکانی کوردستان نیشتەجێ بوون.

## پێکهێنانی بناغە مەزهەبییەکانی ئەهلی حەق لە نێو کورداندا

حوسەین بن مەسعوود یان موبارەکشای عەلەوی، لە دامەزرێنەرانی مەزهەبی ئەهلی حەق (یارسان) لە کوردستاندایە کە سووچ و قوژبنی بزووتنەوە نوێیەکەی، دژایەتیی ڕوونی لەگەڵ خەلافەتی عەبباسی خستەڕوو. ناوچەی شاخاویی هەورامانی کرد بە بارەگا و بنکەی خۆی و بانگەوازەکانی و ڕاگەیاندنەکانی خۆی هەر لەوێوە ڕاگەیاند و بۆ درێژەدان بە بانگەشەکانی پیریشالیار [شەهریار] یان بە گوتەی خاوەن مێژووی هەورامان، خەلیفەی زانا کە لە تۆرەمەی بابەکی خوڕەمی بوو، زۆر هەوڵی دا. موبارەکشای عەلەوی، لە دابونەریتی دەستووراتی خوڕەمدینەکان هەندێک چاکسازیی هێنایە ئاراوە و نێوەڕۆکێکی عەلەوی و ڕەنگ و ڕواڵەتێکی

ئیسلامی بە باوەڕەکانی بەجێماوی خورەمدینەکان لە کوردستاندا بەخشی. موبارەکشای عەلەوی بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بەسەر ئایینی خورەمدینیدا، بەرەیەک لە عەلەویی توندڕەوی لە بەرامبەر بزووتنەوەی عەبباسییەکان هێنایە گۆڕێ. لە بەرچاوترین هێمای باشارکردن لە بەرامبەر عەباسییەکاندا، ئەمە بوو کە دروشمی سپی بپۆشرێت کە تا ئەم سەردەمەش لەنێوان پێڕەوانی ئەهلی حەق باوە، لە بەرامبەر ڕەشپۆشیی عەبباسییەکان.

## کورد و قەرمەتییەکانی ئیسماعیلی

لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچیدا، سەرەڕای شۆڕشی زەنگییان، ڕێکخراوە نهێنییەکانی دیکەی ئایینی، چالاکییەکانی خۆیان بە دروشمگەلی شیعەگەریی لەم سەردەمەدا پەرە دا. ئەم گرووپە، ئیسماعیلییەکان بوون کە شوێنکەوتووەکانیان لە سوریا، عێراق، ئێران و ناوچەکانی دیکە بە ناوی قەرامتە، بەناوبانگ بوون و دروشمی سەرەکییان، یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیستمی هاوبەش لەمەڕ موڵک و دارایی بوو.

## شیعەگەریی لە کوردستان دوای ساڵی ٩٠٠م

شەرەفخانی بەدلیسی (مەرگ١٠١١ی مانگی)، مێژووناسی بەناوبانگی کورد کە یەکەمین کەس بوو بە شێوازێکی ڕوون لەمەڕ مەزهەبی کوردەکان لە سەرەتاکانی سەدەی دەیەمی کۆچی/شانزەهەمی زایینی، بیروڕای خۆی هێنایە گۆڕ، لە کتێبەکەی خۆی "شەرەفنامە"دا دوای دیاریکردنی ناوچە کوردنشینەکان و ناوبردنی هۆز و تایفە بەناوبانگەکانی کورد، مەزهەبی ئەو خەڵکەی، بە سوننەی شافیعی مەزهەب پێناسە کرد.[١٣٠] ئەمە لە حاڵێکدایە کە شەرەفخان و باوکی، شەمسەدین لەگەڵ هۆزی ڕۆژەکی، بەهۆی دژایەتییان لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە ئێراندا ژیانیان بەسەر بردووە و دایکی شەرەفخان، کچی فەرماندەی قزڵباشەکان؛ واتە ئەمیرخانی موصڵوو – متەوەللی (سەرپەرستی) لە لایەن شاتەهماسبی یەکەم (٩٨٤-٩٣٠ی مانگی) و هەروەها فەرمانڕەوای پارێزگای خوراسان بووە - کە شیعە بووە و.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی پێنجەم
# ڕۆڵی هۆکارە ناوچەیی و جوگرافییەکان لە پەرەسەندنی شیعەگەرییدا لە کوردستان

ڕەوتی هاتنی باوەڕەکانی شیعە و بەدوایدا مەزهەبی شیعەگەریی بۆ کوردستان، لە سەرەتادا بە هاتنی باوەڕی شیعەی پەڕگیر، بۆ کوردستان دەستی پێکرد کە لە دەڤەرێک لە بیروباوەڕی سۆفێتی و ڕێبازیگەریدا، لە نێوان خەڵکی کورددا برەوی پەیدا کرد کە قۆناغەکانی دواتر بە هۆکارگەلی جیاجیای ناوچەیی جوگرافیای و مرۆیی، پێکهاتەی ئەم باوەڕە بەرەو شیعەگەریی مەلایەتی (فیقهی) نزیک بووەوە و جەماوەرێکی زۆر لە تایفە جیاجیاکانی خەڵکی کورد لە شوێنگەلی دیاریکراو لە کوردستاندا، بوون بە پێڕەوی مەزهەبی شیعەی دوانزەئیمامی. ئەگەرچی زۆرینەی حەشیمەتی کوردەکان ئەمڕۆکە پێڕەوی مەزهەبی ئیمام شافیعین و سوننەمەزهەبن، بەڵام لە بەشگەلێکی بەرینی کوردستان، شوێنکەوتوانی مەزهەبی شیعە، دووەمین حەشیمەتی مەزهەبی کوردەکان پێکدەهێنن.

## ڕۆڵی کۆچکردن لە هۆگرێتیی مەزهەبی و ئایینیی خەڵکی کورد

بێگومان هۆکاری کۆچکردن، بە درێژایی مێژوو یەکێک لە بگۆڕە گرنگەکان، لە ڕەوتی هۆگرێتیی کولتووری و مەزهەبییەکانی خەڵک بووە و هەیە. کۆچکردنی کەسان و تایفە جیاجیاکان بۆ دەڤەرێکی جوگرافیای نوێ بەسەر شوناس و ناسنامە، ڕەگەز، زمان، شێوازی پۆشین و جلوبەرگ و دابونەریتی کۆمەڵایەتیی تاکەکەس و تایفەکان، کاریگەریی ڕاستەوخۆ دادەنێت و هۆگرێتیی مەزهەبی و ئایینیی کەسەکانیش لەم کاریگەرییە بێبەری نییە.

## وەرچەرخانی مەزهەبی خانەدانەکانی وەزیری و قادری بۆ مەزهەبی شافیعی بە هۆی کۆچکردنەوە

لە سەردەمی دەسەڵاتی خانەدانی ئەردەڵانییەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی خۆیان، ئەوان کاروباری دیوەخان، دەفتەرداری، کاروباری مەزهەبی و سەربازیی کۆشک و بارەگاکانی خۆیان، بە خانەدانەکانی خاوەن هێزی کورد، دەسپارد. بەڵام لە سەردەمی لاوازیی ئەم خانەدانە، دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، نوێنەرانێکیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە و گرتنی باج و پیتاک و هەموو کاروباری ئیداری بۆ کوردستانیان دەنارد تا وەکو نوێنەری دەوڵەتی ناوەندی، لە

بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، حوزووریان بێت.[١٣١] ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەک درێژەی کێشا کە لە شەش بنەماڵەی خاوەن هێز و دەسەڵات لە دەزگای ئەردەڵان (ئەردەڵان، وەکیلی، وەزیری، مەوالی یا شێخولئیسلامی، مەشایەخی مەردۆخی و قادری)، دوو خانەدانیان سەرەتا شیعە بوون و لە ئیسفەهان و هەمەدان بۆ هەرێمی ئەردەڵان هاتبوون و پۆستە گرنگەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەم میرنشینانەیان بە دەستەوە گرت.[١٣٢] ئەم دوو بنەماڵە بەناوبانگە، خانەدانی قادری و وەزیری بوون. خانەدانی قادری لە بنەماڵە دەوڵەمەنەکانی هەمەدان بوون کە ساڵی ١١٢٠ی مانگی، بەدوای پشێوی شوێنی دانیشتنیان لە ناوچەی دەرگەزین (ڕەزەن)، بۆ هەمەدان و لەوێوە بۆ کوردستانی ئەردەڵان کۆچیان کرد و زۆربەیان لە کاروباری دەزگای ئەردەڵان، سەرقاڵی خزمەتکردن بوون.

## کاریگەریی ناوچەیی جوگرافیایی لەسەر هۆگرێتیی خەڵکی کورد بۆ وەرگرتنی شیعەگەریی

لە فاکتەرە ئاشکراکانی دیکە لە وەرگرتنی مەزهەبی شیعەگەریی لەلایەن هەندێک لە هۆز و تایفە و گرووپەکانی کورد، کە کارتێکەر بووە و دەتوانین هێمای بۆ بکەین، ڕۆڵی ناوچەیی جوگرافیایی و نیشتەجێکردنی کوردەکان لە ناوچەگەلێکی تایبەتە. بەڕوانینێکی کورت بەسەر نەخشەی ناوچەکانی کوردنشین و دیاریکرنی ئەو ناوچانە کە کوردگەل شیعەمەزهەبی تێدا، جێگیرە، بەڕوونی دەردەکەوێت کە شوێن و پێگەی جوگرافیای ئەم گرووپە لە کوردەکان لە هۆگرێتیی مەزهەبییان، فاکتەرێکی کارتێکەر بووە؛ چونکە هەروەها کە لە نەخشەکەدا ڕوون و ئاشکرایە (نەخشەی ژمارە٢٣)، خڕبوونەوەی بنەڕەتی کوردانی شیعەمەزهەب، بەشەکانی باشووری ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و عێراق لەبەر دەگرێت. ئەم ناوچانە، دەڤەرێکی بەربڵاو و گرێدراو بەیەک پێکدێنێت.

## ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردانی شافیعی مەزهەب لەگەڵ شیعەکانی ئێران و عێراق

لە ئەو ناوچانەی کە کوردەکانی شافیعیمەزهەبی ئێران و عێراق لە دراوسێتیی گەلانی شیعەمەزهەبی ئەم دوو وڵاتە جێگیرن، تایفەگەلێک لە کوردگەل شیعەمەزهەب نیشتەجێن کە هۆکارەکانی هۆگرێتییان بەرەو مەزهەبی شیعە، لەژێر کاریگەریی شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنگەی جوگرافیایان بووە. ئەم ناوچە جیاکەرەوانە کە سەدان کیلۆمەتر لە باکووری گۆلی ورمێ تا ناوچە باشوورییەکانی کوردنشینی کرماشان و ئیلام و لەوێوە بەرەو کوردستانی عێراق تا دەوروبەری کەرکوک و موسڵ درێژەی هەیە، ناوچەگەلێکن کە هەندێ لە کوردانی تێیدا نیشتەجێن کە بە

هۆی دراوسێتیی شوێنی نیشتەجێبوونیان و پێوەندیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لەگەڵ گەلانی شیعەمەزهەبی دراوسێی خۆیان، لەژێر کاریگەریی مەزهەبەکەیان، بوون بە شیعەمەزهەب. ئەم تیرە کوردە شیعەمەزهەبانە، بەردەوام گرێدەری نێوان کوردەکانی شافیعیمەزهەب و گەلانی شیعەمەزهەبی ئێران و عێراق بوون و هەن و بە شێوازی گشتی لە تەواوی ناوچە سنوورییەکان، لە نێوان کوردەکانی سوننە و گەلانی تورک، لوڕ و عەرەبی شیعەمەزهەب لە ئێران و عێراقدا نیشتەجێن.

## لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان زارەکانی زمانی کوردی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مەزهەبی شیعەگەریی لە کوردستاندا

لە ناوچەکانی کوردستاندا، پەیوەندیی واتادار لەنێوان زارە باوەکانی نێوان کوردەکان و ئەو مەزهەبانەی کە پێڕەوی دەکەن، هەیە و بە دیاریکردنی ئەو زاراوە باوانە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، پانتایی بڵاوبوونەوەی مەزهەبە جیاوازەکان لە نێوانیاندا، ڕوون و ئاشکرا دەبێت. بۆ وێنە، زۆربوونی حەشیمەتی ئەو کوردانەی کە بە زاری باشووری[١٣٣]، دەئاخاوتن، پەرەسەندنی شیعەی دوانزە ئیمامی لە ناوچە کوردنشینەکانی بەدواوە بوو. لە بابەتگەلێک کە ئەژماری ئەو کوردانەی بەم زارە قسەیان دەکرد بە هەر هۆکارێکەوە کەم بوویێتن، پەرەسەندنی شیعەگەرییش لەم ناوچانەدا کەم دەبوو. پێش ئەوەی تێکەڵی ئەم باسە ببین، پێویستە بە شێوازێکی سەرپێی، لەگەڵ زارە باوەکان لە زمانی کوردیدا ئاشنا ببین و دەڤەر و شوێنی قسەکەرانی ئەم زارانە، دیاری بکەین تا باشتر بتوانین کاریگەریی ئەم هۆکارە، لە هۆگرێتیی تایفەکانی جەماوەری کورد بۆ وەرگرتنی شیعەگەریی شرۆڤە بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی شەشەم

# ڕۆڵی هۆکارگەلی مرۆیی لە پەرەسەندنی شیعەگەری لە کوردستاندا

لە لێکدانەوەی بەستێنەکانی هاتنی بیروبڕوای شیعەگەری بۆ نێو بەشگەلێک لە کوردستان، هێمامان بە چەند هۆکاری دەرەکی کرد و لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردن و لە هەر بەشێکدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هۆکارانە، نموونەی هەستپێکراو لە سەرچاوە مێژووییەکان کەڵکمان وەرگرت و شرۆڤەمان کرد. سەرەڕای هۆکاری دەرەکی و جوگرافی کە لە بەشی پێشوودا باسمان کرد، هۆکاری جۆراوجۆری مرۆییش لە گەشەکردنی شیعەگەری لەنێو کوردەکاندا دەورێکی حاشاهەڵنەگریان هەبووە و پەرەسەندنی شیعەگەری و وەرگرتنی لە بەشگەلێک لە کوردستاندا بە هۆی ئەو فاکتەرانەوە بووە. هاریکاریی مەزهەبی شافیعی و ڕێبازگەلی سۆفێتیی باوی کوردستان، کردەوەی سوڵتان و دەسەڵاتدارانی خۆجێی، لقەکانی هێترۆدۆکسیی کوردی لە گەشەی هێما و ڕواڵەتی شیعی و نیشتەجێبوونی زانایان و بازرگانانی شیعی لەنێو کوردەکاندا، لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەیە کە لە ئەم بەشەدا لێکی دەدەینەوە. بەو هیوایەی کە چرای ڕێگە بۆ لێکۆڵەران و توێژەرانی دواتر بێت و.

## ڕۆڵی ڕێبازگەلی سۆفێتی لە پەرەسەندنی شیعەگەری لە کوردستاندا

## سۆفێتی، هۆکاری لێکتەنینی نێوان کوردەکان و مەزهەبی شیعە

بە هاتنی مەغۆلەکان بۆ ئێران، لەگەڵ ڕووداوێکی نوێ ڕووبەڕوو دەبینەوە کە ئەوەیش زۆرتربوونی هۆگرێتیی خەڵک لە وەرگرتنی سۆفیگەری بوو. ئەم ڕووداوە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ستەم، کوشتن و تاڵانکارییەکانی بێ ئەژماری مەغۆلەکان وبێتوانایی ئێرانییەکان لە بەرگریکردن لە خۆیان بوو.[١٣٤] ڕوونە کە سۆفیگەری یەکەمجار لە دڵی سوننەوە هەڵقوڵا و دواجار وردەوردە بنەماکانی سۆفیگەری، بە بنەماکانی شیعەگەری زێدە بوون.

## ڕۆڵی ڕێبازە (تەریقەت) سۆفێتییەکان لە هۆگرێتیی مەزهەبیی خەڵکی کورد

سۆفییەکانی مەڵبەندە جۆراوجۆرەکان، شوێنکەوتووی مەزهەبی جیاوازن؛ بۆ نموونە ئەو نەقشبەندییانەی کە لە هیندستان، ئەفغانستان و ئاسیای نێوەڕاستدا دەژین، شوێنکەوتووی مەزهەبی حەنەفین و لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، عێراق و تورکیادا لایەنگری شافیعین و بەشەکانی دیکەی ئێران، شوێنکەوتووانی نەقشبەندی، شیعەمەزهەبن. هەر ئەم بابەتە لەمەڕ پەیڕەوانی ڕێچکەی قادرییە لە عێراق دروستە، چونکە شافیعی، حەنەفی و شیعەیان هەیە. ئەم

سۆفییانە پێبەندی بەندەیی و نەریتی مەزهەبە فیقهییەکان نەبوون.

## ڕێبازە سەرەتاییەکانی سۆفێتی لە کوردستاندا

کوردەکان لە سەدەی سییەمی کۆچی لەگەڵ سۆفێتی ئاشنا بوون؛ بە شێوەیەک کە سۆفییەکانی دینەوەر لە کوردستان ناوبانگێکی باشیان هەبوو.[١٣٥] بەڵام ئەم بابەتە بە واتای گەشەسەندنی ڕێبازگەلی هاوسەنگی سۆفێتی لەنێو کورداندا نەبوو و تەنیا شێوەیەک لە هۆگرایەتیی دنیاپەرێزی (زوهد) بوو کە هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە لەخۆیاندا نیشانیان دەدا و تا نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچییش هێشتا ئاسەوارێک لەوانە لەنێو کوردان جیا دەکرایەوە؛ بە هۆی ئەوەی کە لە سەچاوەکانی ئیسلامدا ئاماژە بە هەبوونی گرووپگەلی سۆفێتی لە ناوچە کوردنشینەکان کراوە کە کەسەکانی ئەو ناوچانە ژیانێکی ساکار و پاکیان هەبووە.

سوهرەوەردی» یەکەمین ڕێبازێک بوو کە لەنێو کوردەکاندا گەشەی کرد و پاشان جێگەی خۆی بە ڕێبازی «نووربەخشییە»دا کە سەید محەممەدی نووربەخش (٨٦٩ — ٧٩٥ی مانگی) دامەزرێنەری بوو. عەمار کوڕی یاسری بەدلیسی، سۆفیی بەناوبانگی کوردی سەدەی شەشەمی کۆچی لە شاگردانی سوهرەوەردی و مامۆستای سەرەکیی نەجمەدین ئەکبەر (٦١٨ — ٥٤٠ی مانگی) دامەزرێنەری ڕێبازی سۆفیگەریی «کوبرەویە» بوو.[١٣٦] ئەم ڕێبازە ساڵانێکی زۆر لە کوردستاندا باو بوو تا بابارەسووڵ بەرزنجی کە لە ساداتی باکووری عێراق بوو، ڕێبازی «عەلەوییە»ی بونیاد نا کە لقێک لە ڕێبازی «خەڵوەتییە« بوو. بڕەوی ئەم ڕێبازە سەرەتا لەنێو بنەماڵەی بەرزنجی و پاشان لە هەموو کوردستان تەشەنەی سەند. ئەم ڕەوتە تا سەردەمی سەرهەڵدانی شێخ سمایلی قازانی بولیانی درێژەی هەبوو. ناوبراو ڕێبازی «قادرییە»ی وەرگرت.

## گێڕانەوەی فەرموودە و واتای شیعی لە شیعر و نووسراوەکانی هۆگرانی ڕێبازەکانی کوردستاندا

باسوخواس لەمەڕ ناوەڕۆکی شیعی لە شیعر و نووسراوەگەلی کوردەکانی هۆگری ڕێباز لە کوردستان، تێروتەسەلە و لەم وتارەدا ناگونجێت. ڕاڤەی هێما و واتای شیعی لە بەرهەم و نووسراوەکانی شاعیران، نووسەران و بەرهەمە تۆمارکراوەکانی زانایانی کوردزمان، خۆی بۆ خۆی بابەتێکی دوورودرێژە کە دەبێت لە یەک یان چەند لێکۆڵینەوەی تایبەتدا شرۆڤە بکرێت و لێکبدرێتەوە تا ڕادەی قووڵی و پانتایی ئەم هێماگەلە لە ئەدەبیاتی کوردی و فەرهەنگی گشتیی کوردستاندا، ڕوون ببێتەوە. هەربۆیە لەم بەشەدا تەنیا ناوی هەندێک لە نموونەکان دەهێنین و لێکۆڵینەوەی تایبەت لەمبارەوە بۆ لێکۆڵەرانی دیکە پێشنیار دەکەین.

## مەهدیگەریتی لە ڕێباز و شیعەگەریدا

مەهدی لە لای موسڵمانان بە کەسێک دەگوترێت کە لە پەسڵاندا سەرهەڵدەدات. شیعەکان ئەم ڕزگاردەرە بە کوڕی ئیمام حەسەن عەسکەری دەزانن و دوو غەیبەتی بۆ دادەنێن؛ یەکەم نادیاربوونی بچووک بە ماوەی ٦٩ ساڵ کە لە ساڵی ٢٦٠ی مانگی دەست پێدەکات و تا ساڵی ٣٢٩ی مانگی درێژەی هەبوو و دووەم نادیاربوونی گەورە کە لە ساڵی ٣٢٩ی مانگی بەدواوە دەست پێدەکات و هەنووکەیش درێژەی هەیە.[١٣٧] خەڵکی هۆگری سوننە، مەهدی لە قاڵبی کەسێکی تایبەت دیاری ناکەن، بەڵکو مەهدی بە جۆرێک بوژێنەری دینی ئیسلام دەزانن کە پیاوچاک و موسلیحی کۆتایی دونیایە. لە کتێبەکانی حەدیسی سوننەدا وەکو صحیح ترمذی، ابوداود، ابن ماجه و مسند ابن حنبل، (سەحیحی تەرمەزی، ئەبووداوود، ئیبنی ماجە و موسنەدی ئیبنی حەنبەل)دا، حەدیسگەلێ لەمەڕ بەم بوژێنەرەوە هاتووە.

## دەوری پاشا و دەسەڵاتداران لە هۆگرایەتیی خەڵکی کورد، بۆ وەرگرتنی شیعەگەری

ڕێچکەی مەزهەبی و ئایینی ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای ناوچەیەک بوون، لە هۆکارەکانی دیکەی کاریگەر لەسەر هۆگرایەتیی مەزهەبیی خەڵک بوو و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان پەرەیان دەدا؛ چونکە "الناس علی دین ملوکهم".[١٣٨] پێڕەویکردنی کۆمەڵانی خەڵکی لە ئایین و مەزهەبێک کە بە فەرمی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا پشتیوانی کراوە، لە درێژایی مێژوودا زۆر ڕوونە و لە هۆکارەکانی دیکە زۆرتر بەرچاو بووە. کوردستانیش لەم بابەتە بێبەری نیە و لە درێژایی مێژوودا بەردەوام، خەڵکی کورد بە پێڕەویکردن لە دەسەڵاتداران و پاشایانی حکومەتەوە، هۆگرایەتیی مەزهەبیی جۆراوجۆریان وەرگرتوون و لەژێر کاریگەریی بانگەوازی ئەو بیرە بوون کە دەسەڵاتداران پەرەیان پێداوە.

## دەوری پاشا و دەسەڵاتداران لە هۆگرایەتیی مەزهەبی لە کوردستان پێش ساڵی٩٠٠م

لە سێ سەدەی سەرەتای ئیسلامدا، کوردان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەدا گێڕاوە. ئەم ڕۆڵە هەندێکجار پشتیوانی لە دەسەڵاتدارانی ئیسلام و دینی ئیسلام بووە و هەندێک جاریش لە بەرانبەریدا بووە. هەڵوێستی کوردان لە هاوکاری یان دژایەتیکردن لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی و دینی ئیسلام، هاوئاهەنگی هەموو گەلانی ئێران بووە کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە پەیوەستبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بە شۆڕشی خەواریج (لادەرەکان) و شۆڕشی شیعەکان و نەیارانی دیکە لە کاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەردەمەدا بکەین. هەرچەند دەتوانین ئاسەوارێک لە شیعەی موحبەتی، شیعەی قیرمەطی (قرمطی)، شیعەی عەبباسی و گرۆکانی دیکەی شیعە لە

کوردستاندا بدۆزینەوە، بەڵام بە پێشوازیی خوێندکارانی کورد لە مەزهەبی شافیعی و ڕاکێشانیان بەرەو قوتابخانەکانی فیقهی شافیعی لە بەغدا، بەستێنی پەرەسەندنی ئەم مەزهەبە لەنێو کوردان ڕەخسا. لە کۆتاییەکانی ئەم سەردەمەدا بوو کە کوردەکان وەکو هەموو گەلانی ئێران، دەستیان دایە دامەزراندنی حکومەتگەلی نێوخۆیی لەژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەبباسیدا.

## نموونەگەلی بەرچاوی ڕۆڵی دەسەڵاتداران لە هۆگریتیی خەڵکی کورد بۆ وەرگرتنی شیعەگەری

ڕۆڵی دەسەڵاتداران لە لایەنگریی خەڵکی کورد بۆ وەرگرتنی شیعەگەری —بەشێوەی ڕوون— دەتوانین ئاماژە بە تاراندنی خەڵکی کوردی ناوچەی کرماشان و ئیلام لە ئێران بکەین؛ چونکە دەسەڵاتدارانی خۆجێیی لەم ناوچانەدا لەژێر کاریگەریی دەوڵەتگەلی ناوەندیی ئێران بە ڕاگەیاندنی هاوئاهەنگبوون لەگەڵ مەزهەبی فەرمیی حکومەت، ڕایانگەیاند کە شیعەین و بۆ ڕەزامەند هێشتنەوەی پاشاکانی ئێران، ئەو کەسە سەرەکییانەی کە بانگەشەی مەزهەبی شیعەیان دەکرد لەژێر دەستی خۆیاندا بوون. ئەوان بە دروستکردنی تەکیە و حسێنییە و ڕاکێشانی زانایانی شیعە و نیشتەجێکردنیان، دروشم و هێماگەلی شیعەیان لەنێو خەڵکی کوردی ئەم ناوچەگەلە باو دەکرد و گەورەترین هۆکاری پەرەسەندنی شیعەگەری لەم ناوچانە بوون. بەڵام لە کوردستانی ئەردەڵان و موکریان، بە پێچەوانەی ناوچە کوردنشینەکانی ئیلام و کرماشان، بە هۆی پشتیوانیی دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە لە بنەماکانی مەزهەبی ئیمام شافیعی و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی عوسمانی لە پشتیوانیکردن لە خوێندکاران و قوتابخانە دینییەکانی ئەم میرنشینانە، هێماکانی شیعە لەم ناوچەیە، گەشەیان نەکرد و پشتیوانیی هەندێک لە میرەکانی ئەردەڵان لە سەردەمی قاجار بۆ گەشەپێدانی مەزهەبی شیعە لەم ناوچەیە.

## ڕێبازەکانی هێترۆدۆکسی کوردیی سەر بە شیعەگەری لە کۆمەڵگەی کوردستان

یەکێک لە ئایینە باوەکان لە کوردستاندا کە ڕواڵەتی ئیسلامی شیعیی لە دابونەریتی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیاندا دەبینرێت و بەستێنی گەشەی هەندێک لە بڕواگەلی شیعەگەری لە کۆمەڵگەی کوردستانیان پێکهێناوە، دەتوانین ئاماژە بەم گرووپانەی خوارەوە بکەین ؛ پێش ئەوەی کە لە ڕواڵەت و بڕوای هاوبەشی ئەم گرووپانە لەگەڵ شیعە بخەینە بەر باس، بە کورتی ئەم ئایینانە دەناسێنین و پانتایی نیشتەجێبوون و گرنگترین عەشیرە کوردەکانی پێڕەوی هەرکام لەوانە دیاری دەکەین تا بتوانین ئەم بابەتە بە بەڵگەوە شرۆڤە بکەین:

## دروستکردنی بینا و هێماگەلی شیعی لە کوردستاندا

نیشتەجێبوونی بەربڵاوی زانایانی شیعە لە کوردستان، بەتایبەت ناوچەکانی کەرتی باشووردا کە بەدوای مانەوە و نیشتەجێبوونی بازرگان و کاسبکارانی شارە گەورەکانی ئێران و ئامادەکردنی باستێنی مانەوەی ئەوان لە لایەن دەسەڵاتدارانی خۆجێیی حاکمانی دەوڵەتی لەم ناوچەیە ڕووی دا، پێویستیی دروستکردنی مزگەوت، تەکیە، حسێنییە، قوتابخانەی دینی، دەستە و نۆژەنکردنەوەی ئیمامزادەکان و گۆڕی زانایان و هێماکانی دیکە و هێماگەلی شیعی لە ئەم ناوچەیە ئاسایی بوو. ڕێوڕەسمی ساڵانەی شینگێڕی بە شێوەی ڕێکوپێ کە هەموو ساڵێک لە شوێنانی جۆراوجۆر لە ئاستی شارەکان و گوندەکانی دەوروپشتدا، بە دەستی زانایان و بنەماڵە ناسراوەکانی شیعە باو بوون و بەڕێوە دەچوو.

گرنگیدان بە دروستکردنی بینا و بارەگای ئیمامزادەکان و دروستکردنی مزگەوت و حسێنییەی فراوان لە ناوچە باشوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لەم دوو سەدەیەی دواییدا ڕووی داوە؛ چونکە بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر مێژووی دروستبوونی ئەم شوێنی مەزهەبییانە ئەوە دەردەکەوێت کە بە پێچەوانەی سەرجەم ناوچەکانی ئێران، تەمەنی ئەم شوێنە مەزهەبییانە لە کوردستان، لە سەردەمی قاجار پاشەوەتر ناڕوات و هەمووی ئەوانە دوابەدوای گەشەی مەزهەبی شیعە لە ئەم ناوچانە، دروست کراون. بەم حاڵەیشەوە دروستکردنی بینا و هێماگەلی شیعی، زۆرتر لە ناوچە باشوورییەکانی کوردستانی ئێران (پارێزگای ئیلام و کرماشان) بەرچاوە و ئەم بابەتە لەنێو خەڵکی کوردی شیعەمەزهەبی عێراق کە زۆربەیان لە دەڤەری خانەقین، بەدرە و مەندەلی دەژین، بەرچاو ناکەوێت؛ لەبەر ئەوەی ئەم ناوچانە بە هۆی نزیکبوون بە ناوەندگەلی زیارەتی و فێرکاریی کەربەلا و نەجەف و هاتوچۆی سانای گەشتیاران و خوێندکارانی مەزهەبی بۆ ئەم ناوەندانە، پێویستی بە دروستکردنی قوتابخانە و هێمای شیعی لەپێناو جێگیرکردنی مەزهەبی شیعە لە ئەوێدا هەستی پێناکرێت. کەوایە دروستکردنی بینا و هێمای شیعی لەم ناوچانەدا وەکو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردە شیعەکانی ئێران گەشەی نەکرد. ناساندنی تەکیە، حسێنییە و ئیمامزادەکانی ئەم دەڤەرەیش پێویستیی بە لێکۆڵینەوە بوو کە لەم ماوە کاتییە و دۆخی ئێستای عێراق ئەگەری ئەنجامدانی نەبوو کە هیوادارین بە گەڕانەوەی ئارامی بۆ عێراق، بتوانین ئەم مەبەستە بەئەنجام بگەیەنین.

هەواڵنامەی کتێب

]- Shia١]

]٢[- صابری، تاریخ فرق اسلامی(٢) فرق شیعی و فرقه‌های منسوب به شیعه، ١٣٨٩: ٢/١٦.

]٣[- ابن منظور، لسان العرب، ١٩٩٧: ٣/٥٠٢.

]٤[- صابری، تاریخ فرق اسلامی(٢) فرق شیعی و فرقه‌های منسوب به شیعه، ١٣٨٩: ٢/١٦.

]٥[- اشعری، مقالات الاسلامین و اختلاف المصلین، ١٩٥٠: ١/٦٥.

Kurd-]٦[

]- Paleolithic٧[

] - Sulaymaniyah٨[

] - Rawanduz٩[

]١٠[- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ١٣٦٣: ٢٠.

]١١[- زنگنه، دودمان آریایی "کرد و کردستان"، بی تا: ٢٣.

]١٢[- فیلد، جنوب کردستان، دراسه انثروبولوفیه، ٢٠٠١: ٨.

]١٣[- مردوخ کردستانی، تاریخ کرد و کردستان و (توابع)، ١٣٥١: ١/٢١.

] - Guti١٤[

] - Lulubi١٥[

] - Kassites١٦[

] - Manna١٧[

] - Hurrians١٨[

]١٩[- ممتحن، کلیات تاریخ عمومی، ١٣٧٠: ١/٤٣٢.

]٢٠[- خدادادیان، مجموعه ایران باستان (مادها و آریایی ها)، ١٣٧١: ٢٦. تابانی، وحدت قومی کرد و ماد، ١٣٨٠: ٦٥.

]٢١[- پیرنیا، ایران قدیم، ١٣٧٣: ٢٧. خدادایان، مجموعه ایران باستان (مادهاوآریایی ها)، ١٣٧١: ٢٢.

]٢٢[- خدادایان، مجموعه ایران باستان (مادهاوآریایی ها)، ١٣٧١: ٢٦.

Naram sin -]٢٣[

]٢٤[- پیرنیا، ایران قدیم، ١٣٧٣: ٥٩.

]٢٥[- زنگنه، دودمان آریایی "کرد و کردستان"، بی تا: ٦٤و٧٩.

Media -]٢٦[

]٢٧[- نوری پاشا، تاریخ ریشه نژادی کرد، ١٣٣٣: ١٠. رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ١٣٦٣: ١٦٥.

] - Artaban٢٨[

]٢٩[- طبری، تأریخ الطبری، ١٩٩٨: ٢/٦٢. ابن اثیر، الکامل فی التأریخ، ١٩٨٧: ١/٣٥٠.

١- کارنامه اردشیر

هەوالنامەی کتێب

[٣١]- هاشمی نژاد، ترجمه کارنامه اردشیر بابکان، ١٣٦٩: ٣١و٤٤.
[٣٢]- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ١٣٦٣: ١١٠.
[٣٣]- العلی، المسأله الکردیه فی ملف السیاسه الدولیه، ١٩٩١: ٢١٧.
[٣٤]- مسعودی، مروج الذهب و معادن الجوهر، ٢٠٠٢:٣٣٧/٢.
[٣٥]- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ١٣٦٣: ١٠٨-١١٠.
[٣٦]- HOWELL, “The Soviet Union and Kurds”, The Kurds, ١٩,١٩٦٥. Mrwadali,Kurdistan and Kurd toward a cultural difination,١,١٩٦٦ ٧,١٩٩٣.
[٣٧]- Taurus Mountains
[٣٨]- Caucasus
[٣٩]- Dahlman, The Political Geography Of Kurdistan, ٢٧١,٢٠٠٢.
[٤٠]- Trabzon
[٤١]- Edna
[٤٢]- Iskenderun
[٤٣]- Mosul
[٤٤]- Mella, *Kurdistan and the kurds,a divided homeland and a nation without state,* ٢٠٠٥:٢١-٢٢.
[٤٥]- Twelve Imami Shia.
[٤٦]- الشهرستانی، الملل والنحل، ١٤١٣: ١٤٥-١٤٤.
[٤٧]- الشهرستانی، الملل والنحل، ١٤١٣: ١٦٦-١٦٣.
[٤٨]- صابری، تاریخ فرق اسلامی(٢) فرق شیعی و فرقه‌های منسوب به شیعه، ١٣٨٩: ١٧٥.
[٤٩]-. خمینی، فرهنگ جامع فرق اسلامی، ١٣٨٩: ١/٦٦.
[٥٠]- Yarsan.
[٥١]- کرین بروک، سەنحله یزیدی، اهل حق و علوی در کردستان، ١٣٨٢: ٥٥.
[٥٢]- جیحون آبادی، شاهنامه حقیقت، ١٩٦٦: ٣١٥ و ٣١٧، ٣٤٢، ٣٤٥.
[٥٣]- سنندجی، تحفه ناصریه در تاریخ و جغرافیای کردستان، ١٣٧٥: چهل و دو.
[٥٤]- دائره‌المعارف بزرگ اسلامی، ١٣٨٠: ١٠/٤٦٧. دایره‌المعارف تشیع ١٣٦٨: ٢/٦١٠.
[٥٥]- خمینی، فرهنگ جامع فرق اسلامی، ١٣٨٩: ١/٢١٢.
[٥٦]- Alavi
[٥٧]- Bruinessen, *"satans psalmists: some heterodox beliefs and practices among the ahl-e haqq of the guran district"*, not date: ٧.
[٥٨]- Shabak
[٥٩]- Tomas Bois

هەواڵنامەی کتێب

[٦٠]- Bois, *The Kurds*, ١٩٦٦:٩٨.

[٦١] - Neinava

[٦٢] - Mosul

[٦٣] - Hamdaniya

[٦٤] - Tel Kaif

[٦٥]- مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، بی تا: ١٩٦-١٩٧.

[٦٦]- Menaqb

[٦٧]- Sarely

[٦٨]- گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، ٢٠٠٢: ٩٩. مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، بی تا: ١٩٦.

[٦٩]- Kakaei

[٧٠]- انصاف پور، تاریخ سیاسی و جغرافیای مردم کورد، ١٣٧٩: ١٠١. گلزاری، کرمانشاهان-کردستان، بی تا: صدویک/١.

[٧١]- Bejuran

[٧٢]- مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، بی تا: ١٩٨-١٩٧.

[٧٣]- فیلد، جنوب کردستان، دراسه انثروبولوجیه، ٢٠٠١: ٢٦.

١- ابن خردادبه، المسال کو الممالک، ٥١: ١٤٠٨

[٧٥]- ابن اثیر، الکامل فی التأریخ، ١٤٢٠: ٦/٥٤٧-٧/٧١٨. روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، ١٣٧١: بخش دوم:٣٢-٣/٣١. زکی، تاریخ کرد و کردستان، ١٣٧٧:٣٤٢-٢/٣٤١.

[٧٦]- ابن اثیر، الکامل فی التأریخ، ١٤٢٠: ٩/٣٤٢.

[٧٧]- مقریزی، المواعظ و الاعتبار بذکر الخطط والاثار، ١٤١٨: ٣/٤٠٥.

[٧٨]- آلوسي، روح المعاني، لاتا: ٢٧/١٠٣. عسقلاني، الاصابة في تمييز الصحابة، ١٤١٥: ١/٥٤٠. ابن حنبل، فضائل الصحابة، ١٤٠٣: ٢/٦٥١. اصفهاني، معرفة الصحابة، ١٤١٩: ٦/٣٠٧٣. ابناثير، اسد الغابة في معرفة الصحابة، ١٤٠٩: ٥/٣٥١. بخاري، التأريخ الكبير، لاتا: ٧/١١٧ . ابويعلي، مسند ابي يعلي، ١٤٠٤: ١/٤٢٦. ابن حبان، الثقات، ١٣٩٥: ٩/٥ . بيهقي، شعب الايمان، ١٤١٠: ٢/٢٨٣ . بغدادي، تاريخ بغداد، لاتا: ١٢/٣٩٨. ابن تيمية، بيان تلبيس الجهمية في تأسيس بدعهم الكلامية، ١٣٩٣: ٢/٢٩٤ . عسقلاني، تهذيب التهذيب، ١٤٠٤: ١٠/٣٥٢ . سيوطي، الدرالمنثور، ١٩٩٣: ٣/١٩٩.

[٧٩]- افندی بایزیدی، آداب و رسوم کردان، ١٣٦٨: ٤٥-٤٦. خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، ١٩٩٢: ٢٠٧.

[٨٠]- هۆزی جاف، یەکێک لە گەورەترین و پڕحەشیمەتترین عەشیرەکانی کوردستانی باشوورییە کە ناوچەکانی دانیشتن و ژیانیان، بەشێک لە ناوچەکانی کوردنشینی عێراق و ئێران لەخۆ دەگرێت. شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و دێهاتەکانی دەوروبەریان لە کوردستانی عێراق و شارەکانی جوانڕۆ، سەلاسی باوەجانی و دێهاتەکانی دەوروبەری لە ناوچەی کوردنشینی ئێران، بنەڕەتیترین ناوەندی کۆبوونەوەی ئەم تایفەیە. ناوی

جوانڕۆیش هەر لە ناوی ئەم هۆزە وەرگیراوە و ماناکەی واتە شوێنێک کە تایفەی «جاوان» ڕووی تێکردووە و لەوێدا نیشتەجێ بوون. (نووسەر)

[٨١]- کریستین سن، ایران در زمان ساسانیان، ١٣٦٧: ٣٥٨. منتظر القائم، نقد و بررسی روایات مربوط به نخستین فاتحان آذربایجان تا سالٚ ٥٤٠. ق، ١٣٩١: ١٧.

[٨٢]- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، ١٣٦٣: ١٧٥.

[٨٣] - Tispoon (Madain)

[٨٤]- بلاذری، فتوح البلدان، ١٤٢٠: ١٦٠. ابن اثیر، الکامل فی التأریخ، ١٤٢٠: ٢/٣٤٥.

[٨٥]- طبری، تأریخ الطبری، ١٤١٨: ٢٣٤-٤/٢٣٣. ابن اثیر، الکامل فی التأریخ، ١٤٢٠: ٣/٣٥٦.

[٨٦]- Ruha (Urfah)

[٨٧]- بلاذری، فتوح البلدان، ١٤٢٠: ١٠٧.

[٨٨]- Raqqah

[٨٩]- Harran

[٩٠]- بلاذری، فتوح البلدان، ١٤٢٠: ١٠٩-١٠٨.

[٩١]- Samsat

[٩٢] - Amed (Diyarbakir)

[٩٣] - Miafareqin (Silvan)

[٩٤] - Kafar Tutha

[٩٥] - Nusaybin

[٩٦] - Senjar

[٩٧] - Tur Abdib

[٩٨] -Mardin

[٩٩] - Dara

[١٠٠]- باقەردی و بازەبدی دوو ناوچەن لە جزیرەی ئیبن عومەر کە ڕووبەڕووی یەکن و کێوی بەناوبانگی گۆتی (جوودی) لە نیزیکیاندایە. (حموی، یاقوت، معجم البلدان، ١٩٩٥: ٣٢١ و١/٣٢٧)، بازەبدی دێهاتێکە لە ناوچەی باقەردی و هەردووکیان سەر بە ناوچەی جزیرەی ئیبن عومەرن. بازەبدی لە ڕۆژئاوای دیجلە و باقەردی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوەیە. بازەبدی، پاشکۆی قەڵایەکی گەورەی ڕوومیەیە کە پێیان دەگوت بازەبدا (Bazabda) و بە نیشتەجێبوونی تایفەی عەرەبی بەنی تەغلەب، لەم ناوچەدا و درووستبوونی شاری جزیرەی ئیبن عومەر لە لایەن ئەم تایفەوە، بازەبدی و باقەردی لە ناوچەکانی سەر بە جزیرەی ئیبن عومەر، دەژمێردران. (لسترنج، سرزمین های خلافت شرقی، ١٣٦٤: ١٠١).

[١٠١] - Zaozan

[١٠٢]- Bitlis

[١٠٣] - Ahlat

هەواڵنامەی کتێب

[١٠٤] - Ras al-Ain (Ain al-vardah)

[١٠٥]- بلاذری، فتوح البلدان، ١٤٢٠: ١١١-١١٠.

[١٠٦]- ابن اثیر، الکامل فی التأریخ، ١٤٢٠: ٢/٤٥٩. ابن فقیه، البلدان، ١٣٠٢: ١٩٣. ابن خیاط، تاریخ خلیفه، ١٤١٤: ١١٤.

[١٠٧]- طبری، تأریخ الطبری، ١٤١٨: ٥/١٠٠. ابن اثیر، الکامل فی التأریخ، ١٤٢٠: ٤٧٤-٢/٤٧٢.

[١٠٨]- ابن خیاط، تاریخ خلیفه، ١٤١٤: ١١٨. العلی، المسأله الکردیه فی ملف السیاسیه الدولیه، ١٩٩٩: ١٨٤.

[١٠٩]- ابن اثیر، الکامل فی التاریخ، ١٤٢٠: ٣٠٢ و ٥/٣١٤. ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون، ١٤٢١: ٢٧٧-٣/٢٧٦.

[١١٠]- ابن اثیر، الکامل فی التاریخ، ١٤٢١: ٢٩٨- ٥/٢٩٧.

[١١١]- طبری، تاریخ طبری، ١٤١٨: ١٠/٧٧. ابن اثیر، الکامل فی التاریخ، ١٤٢١: ٥/٣٣٥. ابن تغری، النجوم الزاهره فی ملو کمصر و القاهره، ١٩٦٣: ١٠٣-٢/١٠٢.

[١١٢]- تاریخ ابن خلدون، ١٤٢١: ٢١٣-٣/٢١٢. خضری بک، الدوله العباسیه، لاتا: ٩٠.

[١١٣]- bruinessen, Agha, *sheikh and sttes in Kurdistan*, ١٩٩٢, ٢٣.

[١١٤] - macdawall, the *the kurds of Syria*, ١٩٩٦, ١٠.

[١١٥]- الیما، آخرین مستعمره (بحران کردستان ترکیه از آغاز تا اکنون)، ١٣٧٨: ٢١.

[١١٦]- Aryans

[١١٧]- میترابیزم (Mithraism)، میهرپەرستی یان ئایینی میهر، یەکەمین ئایین بووە کە لەسەر بناغەی پەرستنی میترا (لە فارسیی ناڤین «میهر»)، خوای ئێرانی کۆن و خوای خۆرەتاو، دادپەروەری، پەیمان و شەڕ، لە سەردەمی پێش زەردەشت دامەزراوە. ئەم ئایینە، ڕێبازێکی عیرفانی بوو کە ڕەمزوڕازێکی زۆری هەیە و ئامانجی سەرەکیی لەخەوهەڵسانی ویژدانی مرۆڤایەتی و نزیکبوونیان بەرەو تەواوبوون و کامڵبوونە. (پرتو، پیک میترا، ١٣٥٠: ١٥). ئارياييەکان ئەم ئایینەیان لەگەڵ خۆیان هێنایە ئێران و هیند کە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ، ئایینەکانی دی لەژێر کاریگەریدا بوون و بەسەر ئایینەکانی یەهوود، مەسیحی و زەردەشت کاریگەریی زۆری دانا. (پرتو، پیک میترا، ١٣٥٠: ٣٨). بناغەی میهرپەرستی لەسەر ئەم باوەڕەیە کە میهر، خوای گەورەیە و خواکانی دیکە، چکۆلەتر لەون. پەرستنی ئاگر و هێزە سروشتییەکانی دی لەم ئایینەدا باوە. خوای میهر لە ئەوێستایشدا ڕێزی لێگیراوە. (برقبانی، بررسی ادیان باستان؛ با تأکید ویژه بر آین میترائیسم، ١٣٨٣: ١٣٧-١٣٦).

[١١٨]- انصاف پور، تاریخ سیاسی و جغرافیای مردم کرد، ١٣٧٩: ٩٢.

[١١٩]- نوسەیبین، شارێکی هەرەکۆن و سنووری لە باشووری تورکیایە. ئەم شارە لە پارێزگەی ماردین لە باشووری کوردستانی تورکیادایە کە حەشیمەتی بە ٨٤ هەزار دەگات و دانیشتوانیشی کوردن. شاری کوردنشینی قامیشلوو کە لە ئەوبەری هێڵی سنووری و لە سوریادایە لە بنەڕەتدا، درێژەدەری شاری نوسەیبینە و ئەم دوو شارە لە بنەڕەتدا شارێکن (شاری کۆنی نوسەیبین)، کە سنوورێ کلە نێوانیاندا جێگیر بووە. ئەمڕۆکە قامیشلوو گەورەترین شاری کوردنشینی سوریایە و بە ناوەندی کوردستانی سوریا (ڕۆژئاوا) دەژمێردرێت و حەشیمەتی

دانیشتوانی لە شاری نوسەیبین زۆرترە. (نووسەر)

[١٢٠]- بیهقی، مناقب الشافعی، ١٩٧٠: ١/٢٣٧.

[١٢١]- تیمورپاشا، نظره تاریخیه فی حدوث المذاهب الأربعه و انتشارها عند المسلمین، ١٩٩١: ٣٣٣.

[١٢٢]- السبکی، الطبقات الشافعیه الکبری، دون تا: ١٣٥-٢/١٣٣. ابن العماد، شذرات الذهب فی انباء من ذهب، ١٩٨٦: ٣/٢١. الشیرازی، الطبقات الفقهاء، ١٩٧٠: ٩٧. تیمورپاشا، نظره تاریخیه فی حدوث المذاهب الأربعه و انتشارها عند المسلمین، ١٩٩١: ٧١.

[١٢٣]- الأسنوی، الطبقات الشافعیه، ١٩٨٧: ٢٣٨-١/٢٣٧. ابن کثیر، الطبقات الشافعیه، ٢٠٠٤: ٧٤١. محمد حسین، أربیل فی العهد الأتابکی، ١٩٧٦: ٢٦٤.

[١٢٤]- حسینيکیا، *بررسی نقش محبت به اهل بیت در کرمانشاه*، ١٣٨٩: ١٤٠-١٣٧.

[١٢٥]- مفید، *الاختصاص*، ١٤١٤: ٢٠٨. صدوق، ١٤١٥: ٢٠٦-١/٢٠٥.

[١٢٦]- شۆڕشی عەبدوڵڵا بن معاویە بن عەبدوڵڵا بن جەعفەر تەیار، لە ساڵەکانی ١٢٧ تا ١٣١ی مانگی، لە سەردەمەکانی ئاژاوە و پشێویی کۆتاییەکانی خەلافەتی ئەمەوی ڕووی دا. عەبدوڵڵا سەرەتا دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشەکەی خۆی، بەستێنی شۆڕشەکەی بەرەو ناوچەکانی جیبال برد و دواتر لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران، پەرەی پێدا. بە هۆی بێزاریی خەڵک لە خەلافەتی ئەمەوی، زۆرێک لە گەلانی ئێرانی و یەکێک لەوان کوردەکانیش، پێشوازییان لەم شۆڕشە کرد و هاریکارییان کرد. ئەم شۆڕشە هێز و توانایی ڕکابەری لەگەڵ شۆڕشی عەبباسییەکان بە فەرماندەیی ئەبوموسلیمی خوراسانی نەبوو و شکستی هێنا. (صابری، *تاریخ فرق اسلامی(٢) فرق شیعی و فرقەهای منسوب بە شیعە*، ١٣٨٩: ٢٨٩-٢٨٧)

[١٢٧]- طبری، *تأریخ الطبري*، ١٤١٨: ٨-٩/٥.

[١٢٨]- حەمدانییەکان، یەکێک لە دەوڵەتەکانی شیعە بوون کە بۆ ماوەی سەدساڵ (٣٩٣-٢٩٢ی مانگی)، لە ناوچەکانی موسڵ و حەلەب، حکومەتێکی نیمچەسەربەخۆیان هەبوو و لە سەردەمی لاوازیی دەسەڵاتی عەبباسی، لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئالی بوویە و فاتمیەکان، هەنتەشیان هەبوو. خەلیفەی عەبباسی (موکتەفی)، ساڵی ٢٩٢ی مانگی دەسەڵاتدارێتیی موسڵ و دەوروبەرەکانی دا بە ئەبوولهیجا عەبدوڵڵا حەمدان کوڕی حەمدانی تغلبی. ئەبوولهیجا، لە ناوچەی موسڵ، لەگەڵ دژبەرانی خۆی، گەلێ شەڕی کردن و بەسەر هەموویاندا سەرکەوت و لە ئاکامیشدا ناوچەی موسڵی بە یەکێک لە منداڵەکانی بە ناوی حەسەن (ناصر ئەلدەوله)، کە بەناوبانگ بوو، سپارد. مناڵێکی دیکەی کە ناوی عەلی بوو و بە سەیف ئەلدەوله، بەناوبانگ بوو، لە حەلەب ساڵی ٣٣٢ی مانگی حکومەتی پێکهێنا. (انطیقەچی و صفری فروشانی، *بررسی روابط دولتهای شیعی در قرن چهارم هجری*، ١٣٩٠: ١٧-١٦)

[١٢٩]- سامر، *دولت حمدانیان*، ١٣٨٨: ٤.

[١٣٠]-بدلیسی، *شرفنامه*، ١٣٧٧: ١/١٤.

[١٣١]- بهرامي و مظفري، *کارکرد تقسیمات و ساختار والی نشین اردلان در عهد قاجار*، ١٣٩٠: ١٩٠.

[١٣٢]- بهرامي و مظفری، *کارکرد تقسیمات و ساختار والی نشین اردلان در عهد قاجار*، ١٣٩٠: ٦٩.

[١٣٣]-Bashuri

[١٣٤]- ترکمنی‌آذر، *حاکمان زن شیعه مذهب در تاریخ ایران (سیده خاتون، ترکان خاتون و جان بیگم خاتون)*، ١٣٨٥: ٢٩٥-٢٩٤.

[١٣٥]- مبارکی، *گزارش طرح شناسایی طریقت قادریه در استان کردستان*، ١٣٨٤: ٧٣ . گلزاری، *کرمانشاهان – کردستان*، بی‌تا: ١/١٠٤.

[١٣٦]- وان بروینسن، *کُردها و اسلام*، ١٣٨٥: ٥٦.

[١٣٧]- مشکور، *تاریخ شیعه و فرقه‌های اسلام تا قرن چهارم*، ١٣٧٩: ١٣٢.

[١٣٨]- ئەم ڕستەیە زۆر لە سەرچاوەکانی ئیسلامیدا هاتووە و وەکو حەدیس یان ئیدیۆمی عەرەبی بەکار هاتووە. وەها دێتە پێش چاو کە بنەڕەتی ئەوە چیرۆ ک بێت کە بە هۆی زێدە بەکارهێنانی، وەکو ئیدیۆمی لێ هاتبێت و واتاکەی بەم شێوەیە؛ "خەڵکپ پێڕەوی دین و ئایینی دەسەڵاتدارانی خۆیان دەبن".

هەواڵنامەی کتێب


د. کەیومەرس عەزیمی
مێژووی شیعەگەری
لە کوردستاندا
لێکدانەوەی بنەچینەکان و ڕەوتی پەرەسەندنی
شیعەگەری لە نێو کورداندا